زانکۆی سەلاح ددین                                         بەشی / سینەماو شانۆی

کۆلێژی هونەرە جوانەکان

Salahaddin University                                         Cienama&Theatre department

College of fine arts

# گرفتی میتۆدۆلۆجیاو خوێندنی شانۆ لە هەرێمی کوردستاندا

The problematics of the curriculum and the study of the theater in the Kurdistan Region


لەلایەن دوو توێژەر پێش کەش کراوە

مامۆستای یاریدەدەر/ فرح طه درویش

Farah Taha Darweesh

مامۆستای یاریدەدەر/ گۆران محمد فقێ قادر

Goran Mohammed Faqe Qadir


( ٢٠١٨-٢٠١٩ )


Univeristy Email: farah.darweesh@su.edu.krd

University Eimal: goran.faqeqadir@su.edu.krd

## کورتەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لەڕێگەی ( گرفتی میتۆدۆلۆجیاو خوێندنی شانۆ لەهەرێمی کوردستاندا) تیشك دەخاتە سەر گرنگی پرۆگرام و میتۆدی خوێندن بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا. بۆیە توێژەر لە تەوەری یەکەمدا سەرنج دەخاتە سەر ، پەیوەندی نێوان پرۆگرامی هونەری و زانستی لەخوێندنی شانۆدا ، بەو واتایەی کە پێویستە شانۆکاری پسپۆر، دەرهێنەر، ئەکتەرو ڕەخنەگر، ڕەچاوی بەهای و گرنگی لایەنی پراکتیکی و تێۆری بکەن و گرنگی بدەن بەو سەرچاوەو کتێب و ۆرك شۆپانەی دەبنە هۆکارو ئامراز بۆ ئامادەکردن و پێگەیاندنی قوتابیان و نەوەیەکی شانۆکاری پیشەمەندو پرۆفشناڵ، بەتایبەتیش لەو پەیمانگەو کۆلێژانەی هونەری شانۆی تێدا دەخوێندرێت. پاشان لە تەوەری دووەمی توێژینەوەکەدا توێژەر ئاماژە بە هونەری شانۆ دەکات وەکو بەشێك لە ڕۆشنبیری ژینگەیی و بەشێك لە پرۆگرام و میتۆدی خوێندن لە ناوەندە پەروەردەی و فێرکاریەکاندا، بۆ ئەوەی شانۆ ببێتە هۆکارێك بۆ ڕەخساندنی بوار بۆ منداڵان و قوتابیان ،هەتاوەکو بتوانن گوزارشت لە خۆیان و تێڕوانینەکانیان بکەن و لەڕێگەی هونەرو شانۆوە چێژ لە ژیان ببینن، چونکە جیهانی شانۆ کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر هەڵسوکەوت و لایەنی هۆشیاری و دەرونی قوتابی و فێرخواز ، هەربۆیە تەوەری دووەمی ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (کاریگەریەکانی پەروەدەو فێرکردنی شانۆیە لەسەر ناوەندەکانی خوێندن)، پاشان ئەم بەشە بە گرنگترین خاڵەکانی چوارچێوەی تێوری کۆتای دێت، هەروەها توێژەر نمونەی بەمەبەستی بەکارهێناوە لەم توێژینەوەدا. پاشان بەشی کۆتای توێژینەوەکە ،لە گفتوگۆکردن و دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکان و سەرچاوەکان پێکهاتوە.



## Abstract

This research is divided into (the problematics of the curriculum and the study of the theater in the Kurdistan Region), through the methodological framework, the problem of research and the need for it, then the importance and objectives of research with the definition of terms, while the second chapter of the theoretical framework, determined by two sections , The first topic is, (The relationship between the technical and scientific approach in the study of the origins of theater), shows that any theater specialist whether director, actor, critic, he must take care of the practical and theoretical, through the books or workshops prepared for the training of the demobilized, and also prepare the application to be part of their tools for the application, and through the curriculum can the theater and student to apply to create scientific and technical results benefiting the institutes and colleges in the study of the theater, the second section went towards the theater as part of the environmental culture, And how to make it to be within the school

curriculum, in order to give freedom of expression and understanding and entertainment to the student through the theater, also to make it belong to the place through the theater, because the world of theater gives a positive impact on the request, the second topic (the importance of education and education of the theater and its impact on schools), and then came out the research, including the framework of the theoretical framework, and through the research community and tools and samples of research, and then the results of the research and discussion and conclusions with recommendations and proposals, and margins, and then summary of research in English.

کلیکە وشەکان

( پرۆگرام، میتۆد، خوێندن، شانۆ ، فێرکردن )

Keywords

(Programme, Method, Study, Theatre, Education)

## بەشی یەکەم/ چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

### ١,١ کێشەی توێژینەوەو گرنگیەکەی

بەگشتی بونی میتۆدو پرۆگرامی خوێندن بەشێوەیەکی ئەکادیمی و ستاندارد لە هەموو بوارە زانستی و هەروەها لە زانستە مرۆڤایەتیەکانیشدا، کاریگەری قوڵ و ڕاستەوخۆو هەیە لەسەر چۆنێتی سیستمی پەروەردەو فێرکردنی فێرخواز، هاوکات ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە هاوکاریکردن و بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستی و مەعریفی تاک لەسەر ئاستی کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵآیەتی و پێشەی.

میتۆدو پرۆگرام بە مانای وابەستەبوون دێت بە ڕێساو پرانسیپە زانستیەکان لە بوارێک، یاخود لە چەندین بواری جیاجیاو پسپۆڕی دیاریکراودا، هاوکات ئامرازێکیشە بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاهێنانی فێرخواز لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن، یان کارکردن لەسەر میتۆد و پرۆگرامی دیاریکراوی زانستی و ئەکادیمی بەپێی پێوەرە زانستی و بنچینەیەکان.

لەبەرئەوە بونی میتۆدو خوێندنی زانستی هۆکاری سەرەکین لە دروستکردنی بوارێک، بۆ هەستکردن بە پێویستی پرۆگرامی زانستی شیاو گونجاو، کە بەجۆرێک لەتوانایدابێت پەرەپێدان و سەرکەوتن بۆ فێرخواز مسۆگەربکات و رۆڵێ گرنگ ببینێت لە بەرەوەپێش بردنی ئاستی هۆشیاری و زانستی و ئەکادیمیان.

هەربۆیە، بونی میتۆدو پرۆگرامی خوێندنی زانستی و هونەری لەبواری شانۆدا ، دەبێت لەسەر بنچینەی هۆشیاری و درکردن بێت بە گرنگی و کاریگەری ئەم بوارە هونەریە هەستیارە لەسەر تاک و لەناو کۆمەڵگەدا، هەڵبەت لەپاڵ هەموو ئەو پسۆڕی و بوارە زانستانەیتر کە لەناوەندە ئەکادیمی و زانستیەکاندا دەخوێندرێن، بەڵام ڕەنگە بەشێک لە ماهیەتی خوێندنی شانۆ لەوەدا بێت کە ئەم بوارە تەنها بوارێک، یاخود پلاتفۆرمێک نیە بۆ چێژوەرگرتن، بەڵکو بەشێک لە بیردۆز و ئەڤەنگاردە دیارەکانی ناو ڕەوتی شانۆیی نوێی جیهانی ،هەمیشە لەمیانی تێڕوانین و بەشێک لە کتێب و تیۆرە ناسراوەکانیانەوە، هانی ئارەزوومەندان و فێرخوازان دەدەن کەوابەستە بن بە کارکردن لەسەر میتۆدو ئەو تێڕوانین و سەرچاوە زانستیانەی کەلە ناوەندە فێرکاری و لابۆرە هونەری و پراکتیەکانی خۆیانەوە ساڵانێکی زۆر کاریان لەسەر کردوە. بەجۆرێک لەناو بزاڤی شانۆی نوێی جیهانیدا هەمیشە بەشێک لە پیداگۆگ و شانۆکارە دیارەکان پشتگیری لە بونی میتۆدو پرۆگرامی زانستی تۆکمە دەکەن بۆ پەروەدەکردن و پێگەیاندنی شانۆکارو فێرخوازانی بواری شانۆ. ڕەنگە ( کۆنستانتین ستانیسلاڤکسی و زیڤەڵۆد مایەرهۆڵد و یۆجینیۆ باربا) باشترین ئەو ئەڤەنگاردو (پێداگۆگ- فێرکارانە) بن کە بونە مایەی دامەزراندن و بنیاتنانی شانۆی نوێ بەشێوەیەکی زانستی و هونەری و سەردەمیانە.

پسپۆری لەبواری هونەر بەگشتی و لەبواری شانۆ بەتایبەتی ، لە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگازیندو پێشکەوتوەکاندا پێگەی یەکەمی هەیە بەبەراورد بە بوارو پسپۆڕیە جیاوازەکانیتر، هەڵبەت لەسەر ئاستی شێوازی خوێندن و بونی پرۆگرامی زانستی و ئەکادیمی سەردەمیانە، لەگەڵ بونی تاقیگەو لابۆری پراکتیکی پێش کەوتو وەک بەشێک لە پێداویستیە سەرەکیەکانی خوێندنی شانۆ لەناوەندە فەرمی و نافەرمیە هونەریەکاندا. چونکە سەرجەم پەیمانگاو زانکۆ هونەری و فاکەڵتیە شانۆیە دیارو بەناوبانگەکانی جیهان، لەسەربنەمای دابینکردن و پێش کەشکردنی باشترین جۆری کۆرس و پرۆگرامی زانستی و فێرکاری دامەزراون. بەتایبەتیش لە چەندین وڵاتی وەکو ( بەریتانیا، ئەڵمانیا ڕوسیاو فەرەنسا) کە نمونەی بەرەوپێش چونی کۆمەڵگاو ڕەوتی هونەری و شانۆن لە جیهاندا، بەجۆرێک کە ئاستی زانستی و ڕەسەنایەتی ناوەندەکانی خوێندنی شانۆ لەم وڵاتانەدا بۆنەتە ناوەند و سەنتەرێکی گرنگ بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو بەهرەمەندو فێرخوازانەی لەسەرانسەری جیهاندا دەیانەوێت بەشێوەیەکی ستانداردو سەردەمیانە شانۆ بخوێن لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی.

تەنانەت شانۆو خوێندنی شانۆ وەک بەشێك لە زانستە مرۆڤایەتیەکان ، هۆکارو دەروازەیەکی هونەری گرنگە بۆ بڵاوکردنەوەی گەشەی مرۆی و  دروستکردن هێزی بروا بەخۆ بون و گوزارشتکردن لە ناخی مرۆڤ بە فۆرم و شێوازی جیاواز، ئەمە جگە لەوەی ئەم هونەرە  لە ناوەڕۆکدا هەڵگەری چەندین جۆرە لە پەیامی مێژووی ، هونەری ، ئیستاتیکی و کۆمەڵایەتی، چونکە شانۆ وەک چالاکیەکی کۆمەڵایەتی  زۆرجار لەڕابردودا میبەرێك، یاخود دەروازەیەکی گرنگ  بووە بۆ چونە ناو فەرهەنگ و  تێگەیشتن لە  ئەدەب و مێژوو  شارستانیەتی  بەشێک لە داستانە زیندوەکانی گەلانی جیهان.

هەربۆیە پسپۆرو پیشەمەندە ئەکادیمیە شانۆیەکان، لەبنەڕەتدا جیاواز لەگەڵ شانۆ دەژین و تێی دەڕوانن، چونکە ئەزمونە گرنگەکانیان لەبواری خوێندن وپەروەردەکردن تەنها لە چوارچێوەیەکی تیوری و چەقبەستودا نامێنێتەوە ، بەڵکو لەسەر ئاستی پراکتیکی و پێگەیاندنی نەوەیەکی شانۆکار هەمیشە کار لەسەر نوێ بونەوەو هێنانە کایەی باشترین و  پێش کەوتوترین جۆری  میتۆدی زانستی و پرۆگرام و کۆرسی خوێندن دەکەن.

کەواتە فەلسەفەی فێرکردن و خوێندنی هونەری شانۆ پشت بە خوێندەوەی  تێکستی شانۆی و تێۆری و پرۆگرامی زانستی هەمەجۆر دەبەستێت، هاوکات پشت بە تەکنیک و  شێوازی وانەوتنەوەو پەروەردەکردنی  مامۆستای ئەکادیمی و کەسی ئەزمونگەری شانۆیی دەبەستێت. چونکە کەسی پێداگۆگ و فێرکار لەبواری شانۆدا هەمیشە پێویستی بە بەستەوەو گرێدانی بەهرەو توانستی فێرخوازە بە ئەزمونە مەیدانی و پراکتیکەکان لەمیانی پرۆسەی خوێندندا.

لەبەرئەوە زۆرینەی ناوەندە فێرکاری و ئەکادیمە شانۆیەکانی وەکو پەیمانگاو کۆلێژەکان لە هەرێمی کوردستاندا، تاوەکو ئێستاش بە قۆناغی ئەزمونێکی ناجێگیری فێرکاریدا تێپەردەبن، چونکە  هێشتا لە ڕوی هەیکەڵی زانستی و ئەکادیمیەوە بەشێوەیەکی ستاندارد دانەمەزراون، بەجۆرێک کە پرۆگرامی خوێندن و شێوازی پەروەردەکردن لەوناوەندە هونەریانەدا کەم و کورتی زۆری هەیەو پێداویستیە سەرەکیەکانیان  فەرهەم نەکراوە. بەتایبەتیش  نەبونی  پلاتفۆرم و تاقیگەو شوێنی تایبەت بە وانە پراکتیکیەکان، هەروەها نەبونی هۆڵی  پێش کەوتو تایبەت بە پێشکەشکردنی بەرهەمە شانۆیەکان ، کەمی بەردەستخستنی ئامرازە تەکنەلۆژی و تەکنیکیەکان، لەگەڵ کەمی  کتێب وسەرچاوەی زانستی و  شانۆنامە بیانی و جیهانیەکان، پاشان سنورداری ئەزمونی  پراکتیکی و کارکردن لەلایەن بەشێک لە مامۆستاو فێرکارەکانی ئەم ناوەندە هونەریانە بونەتە مایەی دروستکردنی گومان لەلای بەشێك لەخەڵکانی ئەکادیمی و ڕەخنەگرانی بواری شانۆ، هاوکات ئەم دەرئەنجامە ئەرێنیانە هەمیشە دەبنە مایەی  دابەزاندنی ئاستی هونەری و لەمپەر، لەبەردەم دروستبونی  نەوەیەکی شانۆکاری پێشەمەندو پرۆفیشناڵ.

لەبەرئەم هۆکارانە توێژەر بەگرنگی زانی لەم توێژینەوەیەدا تیشک بخاتە سەر دیاردەو بابەتێکی ئەکادیمی زیندو لەژێر ناونیشانی (گرفتی میتۆدۆلۆجیاو خوێندنی شانۆ لە هەرێمی کوردستاندا).

## 2.1گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە ، بۆ ناساندن و تیشک خستنە سەر گرنگی لایەنی خوێندنی شانۆیە لە ڕێگەی کارکردن لەسەر پرۆگرام و میتۆدی زانستی و هونەری گونجاو، بۆ ئەو کەسە ئەکادیمی و تەنانەت ناپیشەمەندانەی کە شانۆ بەلایانەوە جێگەی بایەخ و ماهیەتە.

## 3.1 ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانین و ناسینی پرۆگرام و خوێندنی شانۆیە بەشێوەیەکی زانستی و بابەتیانە بەرچاوکردنی ڕێسا ئەکادیمیەکان.

## 4.1 سنوری توێژنەوەکە

١ - سنوری شوێن: چەند نمونەیەکە لە هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- سنوری بابەتی: گرفتی میتۆدۆلۆجیاو خوێندنی شانۆ لە هەرێمی کوردستاندا

## 5.1 دەستنیشانکردنی زاراوەکان

### یەکەم/ چەمکی- گرفت

پێناسەی تایبەتی توێژەر بۆ چەمکی (گرفت)، ئەم کۆنسێپتە بەواتای کێشەیەک دێت بەپێی پێوەرێکی لۆجیکی و زانستی و مەعریفی، کە دەکرێت پەیوەست بێت بە کێشەی توێژینەوەو گرنگیەکەی بەشێوەیەکی مەیدانی ، لەپێناو بەدەستهێنانی ئەنجامێکی ڕێ تێچو.

### دووەم/ **چەمکی- میتۆدۆلۆجیا**

(**کاساری**) دەڵێت (میتۆدۆلۆجیا ڕۆڵی هەیە لە چۆنێتی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ هەر گرفتێکی زانستی، چونکە لە بنەڕەتدا هەرچی شێوازی مەنهەجی و زانستی هەیە لەسەربنەمای ئەم کۆنسێپتە بونیادنراوە، هەربۆیە زۆرجار ئیدیۆمی میتۆدۆلۆجیا لە ڕووی ماناوە بەرفراوانترە لە زاراوەی میتۆد یاخود شێوازیگەری زانستی)١

پێناسەی تایبەتی توێژەر بۆ چەمکی(میۆتۆدۆلۆجیا)

ئەم چەمکە بەمانای کردارێکی پەروەردەی و فێرکاری دێت و هاوکات پێوەرە بۆ هەڵسەنگاندن و بونی ئامانج و دەست کەوت لەهەر پرۆگرامێکی خوێندنی زانستیدا، هەروەرها ڕۆڵی گرنگی دەبێت لە پێگەیاندن و ئامادەکردنی ئەو کەس و پسۆڕانەی کە کار بە پرۆگرام و میتۆدی زانستی دیاریکراوی زانستی دەکەن.

## بەشی دووەم/ چوارچێوەی تیۆری

### ١,١ تەوەرەی یەکەم/ **پەیوەندی نێوان پرۆگرامی هونەری و میتۆدی زانستی لە خوێندنی شانۆدا**

ئاشکرایە کە شانۆ وەک بوار، هەروەها وەک هونەر هاوشێوەی بوارە زانستیەکانیتر گرنگی و بایەخی خۆی هەیە بگرە هێزو بوێری زیاترە لە بوارە زانستیەکانیتر، چونکە ئەم بوارە هونەریە هەمیشە کاریگەری زیندو ڕاستەخۆ دەکاتە سەر دیدگاو بیری بینەرو شوێن کەوتوانی، ڕەنگە کاریگەریەکانی شانۆ لەڕێی نوسین و کتێب، یاخود لەڕێی مانای وشەو دیالۆگ و دیمەنەکانی ناو نمایشێکی شانۆییەوە بێت.

لەبەرئەو هۆکارانە شانۆ لەڕووە زانستیەکەیەوە هەمیشە پێویستی بە ڕۆشنبیری زانستی و پسپۆری ورد هەیە ،بۆ ئەوەی لەئاست بەرپرسیارێتیدا بێت و هیچ کەس و لایەنێک نەبێتە هۆکاری شێواندن و گەمەکردن بە جەوهەری ڕاستەقینەو کاریگەری ئەم بوارە هەستیارە هونەریە. لەبەرئەوە بەشێك لە بیردۆز و دامەزرێنەرانی خوێندنی شانۆ لە جیهاندا مەیلیان بەلای پشتگیریکردن و بونی پرۆگرام و میتۆد هەیە بۆ خوێندنی شانۆ، وەک زانستێک کە هەڵگری چەندین پێوەرو مەرج و ڕێسای زانستی و ئەکادیمی بێت و هاوکات ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی هەبێت لەسەر ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگاو تاک.

هەربۆیە ئەکتەرو دەرهێنەرو تیۆرستی ڕوسی (**کۆنستانتین ستانیسلاڤیسکی**) لە ڕێگەی ئەزمون و تێڕوانینە تیۆریەکانی دەربارەی هونەری شانۆ، توانی پرۆگرام و میتۆدێکی تایبەت بە ستایلیکی دیاریکراوی نواندن دابهێنێت بەشێوەیەکی زانستی و کۆنکرێتی، هەڵبەت ئامانج لەهەوڵە گرنگەکانی (**ستانیسلاڤسکی**) لەپێناو پەروەردەکردن و فێرکردنی ئەکتەرو فێرخوازانی بواری شانۆ بوو بەشێوەیەکی زانستی ، هەروەک چۆن دەڵێت، ( شانۆ ناوەندو دامەزراوەیەکە بۆ فێربونی وانەی ڕۆشنبیری و مۆراڵی، ئەگەرچی هۆکارێکیشە بۆ کەیف و چێژ وەرگرتن، بەڵام دەبێت شانۆ فاکتەرێک بێت بۆ پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و چێژوەرگرتن لەلای خەڵک )٢.

هاوکات  پێیوایه هونەری شانۆ،، بەمانای خوڵقاندن ڕوحی داهێنان دێت، داهێنانێک کە لەنمیشێکی شانۆیدا هەیەو ژیان دەبەخشێت بە  دوولایەن، لایەنی یەکەم  ئەو ئەکتەرەیە کە ڕۆڵ دەگێڕێت لە نمایشەکەداو لەڕێی نواندن و وازیکردنەوە دەتوانێت گوزارشت لە ناخ و جەوهەری خۆی بکات،   لایەنی دووەمیش  بینەرە کە لەڕێی ئەکتەرو نمایشەکەوە گۆڕانکاری بەسەر شێوازی بیرکردنەوەو دیدو تێڕوانینەکانیدا دێت دەربارەی ژیان و کۆمەڵگا،  لەبەرئەوە (**ستانیسلافسکی**) دەڵێت ( هونەری شانۆ کارێک و پرۆژەیەکی بەکۆمەڵە ، بۆیە وادەخوازێت هەموو تاکێکی ناو ئەو کۆمەڵە بەشداربوە سود مەند بن لێی [..] بەڵام دەبێت بزانن کە ئەو دەستەو گروپە تەنانەت  بە ئەکتەریشەوە بەرپرسن بەرامبەر ئاڕاستەکردنی ئەو کەسانەی بەناوی بینەری بۆ  شانۆوە دێن و ئاوێزان بە نمایشە شانۆیەکان دەبن و لەگەڵی دەژین)٣.

لەبەرئەو هۆکارە (**ستانیسلافسکی**) ئاماژە بە  بونی پرۆگرام و میتۆد دەکات دەربارەی چۆنێتی خوێندن و فێربونی شێوازی ئەداکردن و نواندنی سایکۆلۆژی ، لەڕێگەی کارکردن لەسەر شیکارکردنی ڕەهەندەکانی کەسایەتیە درامیەکانی ناو شانۆنامەکان. ئەو لەڕێگەی ئاشکراکردنی ڕەهەندی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و سروشتی و جسمانی کەسایەتیە درامیەکان، دەیەوێت پشت بە میتۆد و پرۆگرامی تایبەت ببەستێت بە نواندنی ئەکتەر، چونکە ئەو پێیوایە شانۆ بریتیە لە ( یەکگرتنێکی جەوهەری و قوڵی نێوان لایەن و ئەزمونە ناوەکیەکان  بە جیهانی دەرەوەو، هاوکات بە لایەنە دەرەکیەکانی جیهانی دەوروبەری ئەکتەر لەسە ستەیج )٤.

لەبەرئەوە میتۆدو پرۆگرامی (**ستانیسلافیسکی**)  تەنها کاری لەسەر  نواندن نەدەکرد،بەڵکو کاری لەسەر  بەچۆنێتی پێگەیاندنی ئەکتەر دەکرد  بەپشت بەست بە چەندین ڕەهەندو پێوەری مرۆی و  خوێندن و تێگەیشتن لە پێکهاتەی شیکاری جەستەی مرۆڤ لەسەر ئاستی هەست و سۆز، لایەنی سۆزداری، هەڵچونە دەرونیەکان و چەندین ڕەهەندیتری وەکو ، ئاشنابون و شارەزابوون بە هێزی ئەقڵی مرۆڤ لە  میانی  سەرنج دان و وریا بونەوە،  لەگەڵ کارکردن لەسەر هێزی خەیاڵ و ئەندیشە، پەی بردن بە کاریگەری هەست و نەست، لەگەڵ ناسین و  هەست کردن بە گرنگی وزەی دەنگ و شێوازی هەناسە دان و گۆڕینی تۆن و چینی دەنگی، لەبەرئەوە، ( ستانیسلافسکی پێی وایە هۆکارو داینەمۆی دروست بونی هێزی داهێنان لە هونەری شانۆدا  لەئەنجامی تێکەڵبون و گرێدانی لایەنی سایکۆلۆژی و لایەنی فیسیۆلۆجی دێتە کایەوە)٥.

(**ستانیسلافسکی**) توانی لە میانی تێڕوانینە تێوریەکانی هاوسەنگی دروست بکات لەنێوان لایەنی پرۆگرام و میتۆدی هونەری لەگەڵ لایەنی ئەزمون و بەرجەستەکردن، هەڵبەت لەڕێگەی کارکردنی لەسەر چەندین مەشق و ڕاهێنانی پەروەردەی و فێرکاری تایبەت بە ئەکتەرو گەشەسەندنی توانای زهنی و جەستەی، هەموو ئەمانەش لەپێناو پێدانی

وێنەیەکی تەواو هونەری و کامڵە بە دیمەنە شانۆیەکان و، هەروەها لەپێناو پێگەیاندنی و پەروەردەکردنی ئەکتەرە لەشانۆدا بەشێوەیەکی زانستی و بە پشت بە ستن بە پرۆگرام و میتۆدی زانستی دیاریکراو.

لەبەرئەوە ئێمە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە خوێندنی شانۆ بریتی نیە لە جیهانێکی نەبیندراو داخراو، بەڵکو بینراو کراوە دەبێت، واتە داخراو نیە بەڕوی پسپۆڕان و ئەوانەی خولیاو شوێن کەوتوی ئەم بوارەن، بەڵکو ئەم هونەرە جیهانێکە لە ناوەڕۆکدا هەڵگری سیمای زانستی و پرۆگرامی تۆکمەو ئەزمونکراوە لەلایەن بەشێک لە ئەکتەرو دەرهێنەرو تیۆرستە شانۆیە جیهانیەکان.

تەنانەت (**زیڤەلۆد مایەرهۆڵد**) ، کە یەکێکیترە لە داهێنەرە فێرکاریەکانی بواری شانۆ، هەمیشە لەڕێگەی ئەزمونە پراکتیکیەکانی لەشانۆدا مەیلی بەلای هێنانە کایەی پرۆگرام و سیستمیکی دیاریکراو تایبەت بوو بە هونەری شانۆ، ئەو دەیویست بەهای شانۆ بەیان بکات لەڕێگەی داهێنانی کۆنسێپت و چەمکێکی هونەری تۆکمە بەناوی بایۆمیکانیک. کە لەبنەڕەتدا ئەم چەمکەی، یاخود کۆسێپتە هونەرەی مایەرهۆڵد پێکهاتەیەک و تێکەڵێک بوو لە زانستە گشتی و هەروەها زانستە مرۆڤایەتیەکان، ئەو لەڕێگەی کارکردنی لەسەر( تیۆری پێرگماتیکی ، تێڕوانینەکانی بافلۆف لەبواری دەرون ناسیدا، لەگەڵ فیزیای جوڵەو هەیکەلی جەستەی ئەکتەر، لەڕێگەی کارکردنی لەسەر سپەیس و دیکۆری شانۆی) ئاماژەی بۆ جۆرێک پرۆگرام و میتۆد دەکرد کە بنەمایەکی تەواو زانستیان هەبێت، بەو مانایەی کە چەمکی بایۆمیکانیک( تەنها کۆنسێپتێکی هونەری و شانۆی نیە، تەنانەت تەنها ڕاهێنانێکە نیە تایبەت بە پیشەو کاری ئەکتەر، ئەوەندەی ڕاهێنانێکە بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی لایەنی ڕۆشنبیری تاک)٦.

تیۆری (**مایەرهۆڵد**)، کە جۆرێک بوو لە دروستکردنی ئەندازیاریەکی پتەو هوریانە لەنێوان (شێوە- فۆرم) و ناوەڕۆک، هاوکات خاڵی کۆکردنەوەو تێکەڵکردنی هونەری شانۆو بوو بە بەشێک لە بوارە زانستیەکانیتر، ئەم هەوڵانەی لەپێناو دروستبون و داهێنانی تیۆرێکی ئەکادیمی تایبەت بوو بەشانۆ کە هەڵگری سیفات و بنەمای زانستی بێت،ئەو پێیوابوو( ڕاستی پەیوەندی و ڕەفتارە مرۆیەکانی مرۆڤ دەکرێت لەڕێگەی گوزارشتکردن بە جوڵەو ئاماژەو شێوازی وەستان و دانیشتیی ئەکتەرو زمانی جەستەی زیاتر پیشانبدرێت بەبەراود بە پەنابردنە بۆ وشەو زمانی زارەکی بۆ دەربڕین، بەڵآم بەشێوەیەکی زانستی و مەبەست ئامێز)٧.

بۆیە لەمیانی چەمک وتیۆری بایۆمیکانیک (**مایەرهۆڵد**) ویستی جەستەی ئەکتەر بەشێوەیەک ڕابهێنێت کە هەمیشە وەک وێنەی تابلۆیەکی هونەری دەربکەوێت کە هەڵگری هەموو پێوەرێکی ئەندازیاری و هێزو گورێکی زیندو بێت لەکاتی ئەنجامدانی جوڵە لەسەر تەختەی شانۆ، بەتێگەیشتن لە سروشت و پێهاتەی شیکاری جەستەی مرۆڤ بەشێوەیەکی زانستی لەناو فەزای شانۆیدا، ئەو پێیوابوو پلاستیکاو زمانی جەستەی ئەکتەری پیشەمەند ئەوەندە ڕون و ئاشکرایە کە

هەرگیز ئاماژەی هەڵەو نادروستی لێ ناوەشێتەوە لەکاتی گوزارشتکردندا. بۆیە لەسۆنگەی ئەم جۆرە تێڕوانینە زانستیەوە بەردەوامی بە شێوازی پەروەردەکردنی ئەکتەرەکانی دەدات لە ستۆدۆکە هونەریەکەی خۆیدا.

بەڵام (**یۆجینۆ باربا**)، ئەو ئەڤەنگاردە شانۆکارەی کە شانۆی بە ئاراستەیەکیتردا برد، لەڕێگەی داهێنانی چەمکی شانۆی سێهەم و هێنانە کایەی چەمکی زانستی ئاکاری جەستەی ئەکتەر واتە (ئەنسرۆپۆلۆژیای جەستە )و شانۆی سێهەم ، ئەو شانۆکارانەی لەخۆ دەگرت کە مەیل و خولیایان تەنها بەلای ئەو پرۆژەو هونەریە شانۆیانەدا دەچوو کە لەچەندین ناسنامەو ڕەگەزی جیاوازو باکگراوەندو ڕۆشنبیری جیاوازەوە پێکهاتبوون، ( **باربا**) پێی وایە، ( هونەری شانۆ خاڵی بەیەک گەیشتنی بیروڕاو فەرهەنگ و ڕۆشنبیریە جیاوازەکانە، کەواتە دەکرێت ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی تێدا ڕوبدات بەهەمان ئاست و ناوەڕۆك[..] چونکە شانۆ هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە بەهای کۆمەڵایەتی لەلای ئەوکەسانەی هونەری شانۆ بەرجەستە دەکەن)٨.

لەم ڕێگەیەوەی (**یۆجینۆ باربا** )دەیویست تواناو لێهاتوی ئەداکردن ئەکتەر بناسێنێت لەناو فەزای شانۆیدا، لەڕێگەی وزەی ئەکتەرەوە هەوڵیدەدا بەئاراستەیەکی زانستی و لەڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدو پرۆگرامی تێۆری و پراکتیکیەوە خوێندنەوەی وردو قوڵ بۆ هونەری نواندن بکات، بە کارکردن لەسەر وزەی ئەکتەرو تێگەیشتنی بۆ ئاکارو ئەو ئامرازە پەروەردەیانەی کە خۆی بەشێوەیەکی پراکیکی کاری لەسەر دەکرد لەگەڵ بەشێک لە فێرخوازەکانی. چونکە (**یۆجینۆباربا**) پێیوابوو لەڕێگەی گۆڕانکاری شانۆیەوە گۆڕانکاری بەرفراوانتر لەکۆمەڵگادا ڕوودەدات، ( کاتێک شانۆی گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو گۆرانگاریە لەلای وەرگر دروست دەبێت چونکە ئەوان بینەری شانۆنن و سەرئەنجام هەست بەو بەرەوپێش چونە دەکەن ، سەرئەنجام گۆڕانکاری بەشێوەیەکی دیاریکراو لە جۆری تێگەیشتن و بیرکردنەوەیاندا ڕودەدات)٩.

کەواتە شانۆ و پیشەی ئەکتەر ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە بابەت گەڵێکی زانستی و بونی میتۆدو پرۆگرام و هەروەها کاریگەریان لەسەر دروستکردنی گۆرانکاری هەیە لە مرۆڤدا، کەواتە بەزانستی بونی شانۆ فاکتەرێکی یارمەتیدەرە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و پەروەردەکردنی دیدگای تاک لەڕێی شانۆو هونەرەوە.

بۆیە هونەری شانۆ بە تێروانینی (**یۆجینۆ بابا**)، ( لەئاستێکی باڵادا سەرنج دەخاتە سەر ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری، وە دروستکردنی گۆڕانکاری لە شێوازی بیکردنەوەی تاک، نەک گۆڕینی کۆمەڵگا)١٠. بۆیە هونەری شانۆ، کار لەسەر بەردەوامی و داهێنان دەکات، کەواتە گرنگی هونەری شانۆ لەوەدایە کە،( هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن لە واقع و ، ئامرازێکیشە بۆ ئەوەی تاک بە دەورو بەرو جیهان بناسێنێت) ١١.

هەربۆیە شێوازەگەری و میتۆدە شانۆیەکان بونەتە مایەی جێکردنەوەو جێگیرکردنی بنەماو پرەنسیبە زانستە لەبواری شانۆدا چونکە هەموو تێڕوانینە هونەری و تێۆریەکان بەشێوەیەکی زانستی و تۆکمە لەلایەن دەرهێنەرو ئەکتەرو بیردۆزە شانۆیەکانەوە سەلمێندراون، ئەمە جگە لەوەی دواتر هەموو ئەم دیدگا زانستی و تێڕوانینە ئەکادیمیانە بونەتە بەشێك لە پرۆگرامی جیهانی شانۆو خوێندنی هونەری شانۆ، ڕەنگە سەرچاوەو کتێبە ناسراو بەناوبانگەکانیان و ،هەروەها ناونانی بەشێک لە ناوەندو فێرگە شانۆیە فەرمیەکان بەناوی ئەم کەسایەتیە ئەزمونگەرو خاوەن تێۆرانە گەواهی بدەن لەسەر بایەخی پرۆگرام و خوێندنی شانۆ بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی ستاندارد.

تەنانەت پەیڕەو میتۆدو شانۆنامەکانی (**برتۆڵد برێخت**)، کە تاوەکو ئێستاش ئامادەگی تەواو بەردەوامیان هەیە لە هەموو جیهاندا، بونەتە پرۆگرام و کۆرسی زانستی خوێندن لەسەر ئاستی جیهان بۆ فێرخوازانی بواری دراماو هونەری شانۆ تەنانەت تێروانینە سیاسی و شانۆیەکانی برێخت بووە مایەی دروستکردنی شۆڕشی فکری و هونەری لە جیهاندا.

چونکە هەموو تێڕوانینە هونەری و شانۆیەکانی (**برێخت**) وابەستەوبوو، یاخود کاری لەسەر دروستکردنی جۆرێک لە گۆڕانکاری دەکرد لە هونەردا لەسەر هەردوو ئاستی فۆرم و فکر، ئەو پێیوابوو شانۆ دەکرێت وەکو میبەرێک بەکار بێت بۆ پەروەردەکردنی تاک و دروستکردنی گۆڕانکاری فکری و هۆشیارکردنەوە ، ( فێکردن و هۆشیارکردن دەبێتە مایەی زامنکردنی خۆشبەختی و سەرکەوتن، ئەگەر هونەر ئامرازێک نەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ، کەواتە شانۆش کاریگەری و گرنگی خۆی لەدەستدەدات)١٢.

هەربۆیە میتۆدو شێوازی فۆرمی شانۆکەی( **برێخت**) بەتەنها کاری لەسەر بەخشێنی چێژو خۆشی نەدەکرد بەبینەر بەڵکو لەمیانی بەرهەم و تێڕوانینە سیاسیەکانی بانگەشەی بۆ فەلسەفەی ڕۆشنگەری و عەقڵانیەت دەکرد، بۆ ئەوەی بینەر لەکاتی بینی نمایشە هونەریەکانی ببن بە بەشێکی زیندو ، هەروەها هۆشیارانە بڕیار لەسەر هەموو ئەو ڕوداو بەسەرهاتانە بدەن کە سەرلەبەری هەموو بەش و دیمەنە شانۆیەکان پێک دەهێنن، چونکە (**برێخت**) دەیویست لە ڕێگەی گرتنە بەری میتۆدی زانستی و هونەر بینەر وەکو، بەشێکی زیندوی کۆمەڵگا ئاڕاستە بکات و چەندین وتارو هەڵویستی سیاسی و ڕەخنەیان ئاڕاستە بکات، بۆ ئەوەی شانۆ وەک ناوەندێکی فێرکردن ببێتە دەروازەیەک بۆ ئەوەی بەشداری زیندو، هاوکات ڕۆڵی گرنگ ببینن لە دروستکردنی گۆڕانکاری ڕیشەی لە کۆمەڵگادا. چونکە، ئامانج لە شانۆی (**برێخت** )دروستکردنی تاکی هۆشیارو خاوەن بڕیاربوو.

هونەری شانۆ لەلای (**برێخت**) هەڵگری سیفاتی بەرهەمهێنەرانەیە، لە بەشێک لە تێڕوانینە زانستی و هونەریەکانی دەربارەی چەمکی نامۆبون و، شانۆی داستانیدا دەردەکەوێت کە لەم بەشانە پێکهاتوە:

وزە مرۆڤ و بەکارهێنانی

فکرو هۆشیاری

چێژوەگرتن و سود مەند بوون

پەند وەرگرتن لە ئەزمون و پیشاندراوەکان

ڕەنگدانەوە لەسەر کۆمەڵگا

کەواتە زۆربەی خاوەن بیردۆزو دەرهێنەرە شانۆیەکان، بەکۆی گشتی وابەستەن بە بونی ڕێساو بنەمای زانستی وەک ئامرازێک بۆ گەشەپێدانی توانای مرۆی تاک و بەرەوپێشچونی کۆمەڵگا، هەروەها سود لە زانست و بوارەجۆراوجۆرەکانیتر دەبینن لەپێناو بەرەپێشبردنی ڕەوتی شانۆیە مۆدێرن وهاوچەرخەکان.

لەبەئەوەی هونەری شانۆ خاوەن تایبەتمەندی و ئەتەکێتی تایبەت بە خۆیەتی لەسەر ئاستی پێش کەشکردنی لایەنی ئیستاتیکی و فۆرم و ناوەڕۆك، هەربۆیە، هەمیشە پەنادەباتە بەر چەندین ڕێساو تیۆرو تێڕوانینی زانستی و ئەکادیمی و ، هەروەها کارکردن لەسەر مەشق و ڕاهێنان و گرنگیدان بە لایەنی پسپۆری و پیشەمەندبوون لە بەشە ئەدەبی و تەکنیکیە جیاوازەکانی ناو هونەری شانۆ، لەبەرئەم هۆکارەیە کە هەمیشە پێویستە ئەکتەرو فێرخوازانی بواری شانۆ وابەستە بن بە پەروەردەکردنی ئامرازەکانی دەربڕین و خۆ پێگەیاندنیان لەشانۆدا لەڕێی پەنا بردن بۆ وەرگرتنی کۆرس و پرۆگرامی هونەری زانستی و سەردەمیانە لەناوەندەکانی خوێندن و پەرەوەردەکردندا. کەواتە ئاستی زانستی و شێوازی پەروەردەکردنی فێرخوازن لە ناوەندە هونەری و شانۆیەکاندا بەرپرسیارێتیەکی هەستیاری زانستی ئەکادیمستەکانە، بۆیە ئەرکی پێداگۆک و فێرکارە شانۆیەکان دەبێت بریتی بێت لە پێداگری لەسەر ئاست و کوالێتی پرۆگرام و میتۆدی وانەوتنەوە لەناوەندە شانۆیەکاندا.

تەنانەت دەرهێنەرو پەروەردەکارێکی شانۆی بەناوبانگی وەکو (**ئەندریە ئەنتوان**) کەبەیەکێک لە دیاردە شانۆیە گرنگەکان دادەنرێت لەبواری پەروەدەکردنی ئەکتەرو فێرخوازی بواری شانۆ، لەمیانی کردنەوەی تاقیگەو پەیمانگەیەکی شانۆی تایبەت بە گەنجە ئەکتەرو دەرهێنەرەکان، توانی چەندین وانەی گرنگ و زانستی بەشێوەیەکی ئەکادیمی دەربارەی هونەری نواندن و دەرهێنان بداتە فێرخوازەکانی .

(**ئەندریە ئەنتوان**) هەرلەسەرەتای کارکردنی وەکو دەرهێنەرێکی شانۆی هەوڵی بەدامەزراوەیکردن و بەزانستیکردنی هونەری شانۆ دەدا، بۆیە بەشێک لە نەریت و داهێندراوە زانستیەکانی وەکو چەمکی بونی ( کاستین) لەشانۆدا دەگەڕێتەوە بۆ تێڕواینە زانستیەکانی ئەم دەرهێنەرە بەئەزمونە فەرەنسیە. ئەمە جگە لەوەی بە هۆی کارکردنی بەردەوامی لەپەیمانگە هونەریەکەی خۆیدا توانی بۆ یەکەمجار نەریتی کارکردن لەسەر شانۆی نامەی یەک پەردەی

یاخود یەک دیمەنی بێنێتە کایەوە، ئەمە جگە لەوەی هەمیشە کاری لەسەر پەرەپێدانی ئاستی هونەری و زانستی ئەکتەرو فێرخوازەکان دەکرد.

بیرۆکەی دامەزراندی ناوەندو پەیمانگایەکی هونەری تایبەت بە بواری نواندن و دەرهێنانی شانۆی لەلای(**ئەندریە ئەنتوان**) زیاتر بۆ ئاڕاستەکردنی هونەری شانۆ بوو بەرەو بەزانستیکردنی شانۆو فێرکردن و خوێندنی هونەری شانۆ لە ناوەندێکی فەرمیدا ، ئامانجکێتری بریتی بوو لە بەدەستهێنانی ئەزمونی گرنگ و داهێنانی هونەری نوێ دەربارەی فۆرمی دەرهێنان و نواندنی شانۆی لەڕێی بونی بیرۆکەی پەیمانگای هونەری تایبەت بە شانۆ.

(**ئەندریە ئەنتوان**) هەوڵی دەدات کە بۆ فێربوونی شانۆ وەکو هونەر تەنها پێشت بە وزەو بەهرەی خودی نەبەستێت بەڵکو پێیوابوو کە دەکرێت خەڵکانێک هەبن لەڕێگەی پەروەدەکردن و خوێندنەوە بەهرەیان تێدا بدۆزرێتەوەو بەرەو ئاڕاستەیەکی هونەری و زانستیدا ببرێن چونکە، ناوەند و دەزگا فێرکاریەکانی بواری شانۆ لەتوانایاندا هەیە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و لەڕێی بونی پرۆگرام و میتۆدی زانستیەوە فێرخوازی بواری شانۆ پەروەردەبکەن کەواتە ، دەکرێت سیستمی زانستی و کۆرس و پرۆگرامی زانستی هونەری ڕۆڵی گرنگ ببینن لە پەروەردەکردن و پەرەپێدانی بەهرەو توانستە هونەریەکانی فێرخوازنی ئەم بوارە هونەریە.

هەروەها (**ئەندریە ئەنتوان**) دەیویست لە ڕێگەی بونی ژینگەی زانستیەوە تواناو لێهاتوی خۆرسکانەی چینی گەنجان بەرکاربهێنێت و بەشێوەیەکی زانستی ئاڕاستەیان بکات، بەتایبەتی کاری لەسەر ئەو کەسانە دەکرد کە بەشێوەیەکی زانستی هونەری شانۆ و نواندنیان نەخوێندبوو،(ئەندریە ئەنتوان لەڕێگەی کردنەوەی تاقیگەو ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنانی جۆراو جۆر دەربارەی پەروەدەکردنی وزەی دەنگ و توانستی جەستەی فێرخوازو ئەکتەرە ناپیشەمەندەکان توانی ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە هێنانە ناوەوەی نەوەیەکی ناپیشەمەند بۆ ناو کایەی هونەری شانۆو لەم ڕێگەیەوە پەیمانگەیەکی شانۆی تایبەت بە خۆی دامەزراندو ئەمەش بەسەرەتایەکی باشی میتۆدگەرای زانستی دادەندرێت لە پرۆسەی فێرکردنە و پەروەردەکردنی فێرخواز بەشێوەیەکی زانستی)١٣.

(**ئەندریە ئەنتوان**) لەڕێگەی هەوڵ وئەزمونە ناوازە هونەریەکانیەوە دەیویست شانۆ وەکو بوارو بەتایبەتیش هونەری نواندن و دەرهێنان لەڕێگەی تاقیگەو پەیمانگە شانۆیەکەی خۆی بخاتە چوارچێوەیەکی زانستیەوە. ئەمە جگە لەوەی لەوباوەڕەدابوو کە ئەکتەرو دەرهێنەری گەنجی پیشەمەند و ناپیشەمەند دەبێت هەردووک لەڕێی پرۆگرام زانستی و خوێندنی شانۆوە پەروەردە بکرێن و پەرە بە توانا هونەریەکانیان بدرێت.

## 2.1 تەوەرەی دووەم/ كاریگەریەكانی پەروەدەو فێركردنی شانۆ لەسەر ناوەندەكانی خوێندن

بەپێ ی پەرپرەو پرۆگرامە زانستیەكانی بواری خوێندن لە وڵاتانی وەكو نەتەوە یەكگرتوەكانی ئەمەریكاو بەشێك لە وڵاتانی ئەوروپاو بەشێكی زۆریش لەو وڵاتە پێش كەوتوەكانی جیهان، هەمیشە پەنا دەبرێتە بەر هونەری شانۆ وەكو بەشێك لە بونیادی سیستمی پەروەردەو فێركردنی فێرخوازان لە ناوەندەكانی خوێندندا، ئەمەش لە پێناو پێشخستنی توانست و لێهاتوی فێرخوازانە لەو ناوندە پەروەردەیانەدا، چونكە فێكردن( پرۆسەیەكی یارمەتیدەرە كە هاوكاری تاك دەكات بە باشی ماناو بەها بدۆزێتەوە لە ژیاندا[..]، لەبەر ئەوە هۆكارەیە كە دراماو شانۆ رەنگە بتوانێت یارمەتیدەری پرۆسەی فێركردن بن بەشێوەیەكی زانستی ،چونكە شانۆو دراما هاوتەریب پەیوندی و كاریگەریان هەیە لەسەر چۆنێتی كاراكردن، یاخود خێراكردنی پرۆسەی پەروەردەو فێركردنی تاك)١٤

چونكە، هونەری شانۆ یارمەتی فێرخواز دەدات لە چۆنێتی كەمكردەوەی فشارو رزگاربوون لەو پەستانە دەرونیانەی كە هەندێكجار بەهۆی جۆری پرۆگرامە زانستیە پەروەردەیەكانەوە دەدرێنە فێرخوازن، بۆیە لەم جۆرە دۆخانەدا هونەر بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی دەتوانێ كۆمەكی فێرخواز بكات لە پەروەدەكردنی میزاج و گەشەسەندنی زهینی و جەستەی پاراو، چونكە لەمیانی بینینی نمایش یاخود بەشداریكردن لە نمایشە شانۆیەكان، تەنانەت لەرێگەی خوێندەنەوەی شانۆنامە لەناو پۆل و هۆڵەكانی خوێندندا، دەكرێت لایەنی كەسایەتی و مێشكی قوتابی پەروەردە بكرێت و، پەرە بە خەیاڵ و لایەنی سۆو هەستەكانیان بدرێت، بۆ ئەوەی قوتابی لەم رێگەیەوە چێژ وەربگرێت و هاوكات بتوانن لەمیانی هونەرەوە لە شانۆو هەروەها لە ژیان و دەوروبەریان تێبگەن، چونكە ( شانۆ هۆكارێكی سەرەكی یارمەتیدەرە بۆ تێگەیاندن وپێگەیاندنی تاك لەرێگەی گرتنە بەری پەیرەو پرۆگرامی زانستیەوە، بۆیە بەكارهێنانی شانۆ وەكو ئامرازێكی یارمەتیدە تەنانەت دەبێتە مایەی كاراكردن و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردەو فێركردنی زانستی لەناوەندەكانی خوێندندا)١٥.

لەبەرئەوە، شانۆ كۆمەكی مەعریفی و عەقڵی فێرخوازن و تاك دەكات، لەمیانی گوێگرتنیان لە دیالۆگێكی شانۆیی یان لەرێی خوێندنەوەی شانۆنامە یاخود، لەرێگەی رۆڵ بینین و بەشداریكردنیان لە كارو چالاكیە شانۆیەكان. گرنتەبەری ئەم جۆرە ئامرازە هونەری و شانۆیانە هۆكاری یارمەتیدەرن لە پەروەردەكردنی هەستی و مێشكی فێرخواز، هاوكات یارمەتی قوتابی دەدات بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی سەرنج و بیرەوەریەكی بەهێز بێت. چونكە شانۆ هەڵگری سیفاتی دوبارەكردنەوەی زارەكیە بەتایبەتیش لەوكاتانەدا كە ئەكتەر بۆ ئەنجامدانی نواندن و رۆڵبینین دەبێت هەمیشە پەنا بۆ دوبارە كردنەوەو خوێندنەوەی دیالۆگە شانۆیەكان ببات لەكاتی پرۆڤەو مەشقكردندا. بۆیە ئەم لایەنە تەكینیكی و هونەریە شانۆیە یارمەتی قوتابی دەدات توانای وەرگرتن و بیرهاتنەوەی فراوان بێت، بۆیە دەكرێت شانۆ ئامرازێك بێت بۆ برەودان بە توانای وەرگرتن و بیرهێنانەوە لەلای قوتابی لە ناوەندەكانی خوێدندا.

ئەمە جگەلەوەی کە دراماو شانۆ، پەرە بە لایەنی هەست و بیستن و بینینی قوتابیان دەدات، چونکە هونەری شانۆو بەتایبەتیش نمایشی شانۆی لەڕووی پێکهاتەوە چەندین ڕەگەزی تێدایە بۆ نمونە، کوتلەو ڕەنگ و قەبارە، مۆزیک و گۆرانی و کاریگەری دەنگی، هەروەها لە ڕێگەی کەسایەتی ناو نمایشە شانۆیەکان و لە ڕێگەی ڕوداوە و زانیاری مێژووی بابەتیانەوە،هەموو ئەم لایەنانە یارمەتی قوتابی دەدات کە جۆرێک لە هۆشیاری لەناودا دروست بێت بۆ ئەوەی سەرئەنجام ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبێت لەسەر ئاستی فێربونی ئەو پرۆگرام و وانە زانستیانەی کەلە ناوەندەکانی فێرکردندا پێیدەدرێت. ئەمە جگە لەوەی نمایشە شانۆیەکان هۆکارێکیتری یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی هۆشیاری مێژوی و ڕۆشنبیری دروست بکەن بۆ قوتابی ، بۆ ئەوەی قوتابی زانیاری و ڕۆشنبیری هەبێت دەربارەی مێژوو، شارستانیەتە گرنگەکان ، لەگەڵ ڕەوتی ژیانی کۆمەڵگا بیانی و جیهانیەکان.

بۆیە گرنگی شانۆ لەوەدایەکە، کە یارمەتی منداڵ و فێرخوازن دەدات، کە مەیل و خۆشەویستیان بۆ مرۆڤایەتی و کۆمەڵگاو پەیوەندەیە کۆمەڵایەتیەکان هەبێت، کەواتە شانۆ میمبەرێکە بۆ دروستکردنی هۆشیاری و گەشەپێدانی توانای مێشکی و ڕۆشنبیری لەلای فێخوازان، یاخود قوتابیان چونکە( شانۆ خاوەنی بەهایەتی مرۆڤایەتی بەرزەو لەتوانایدایە کە جیهانێکی فراوان بەڕووی منداڵان و قوتابیاندا بکاتەوە ، جیهانێکی نوێیە کە پڕە لە خەیاڵ و کێشمە کێشم، بۆیە بەشێک لە شانۆکاران و ڕەخنەگران پێیان وایە کە شانۆ بۆ منداڵان، بۆ قوتابی و فێرخوازن باشترین ئامرازە بۆ ئەوەی لەمیانیەوە پەرە بە توانای وەرگرتن و فێربونیان بدرێت لە وانە زانستیەکان بەشێوەیەکی باشتر ، خێراتر، ئەمە جگەلەوەی هونەری شانۆ یارمەتی قویابی دەدا ببێتە کەسێکی کۆمەڵایەتی و باوەڕی بە کارکردنی بەکۆمەڵ هەبێت)١٦.

بۆیە، خوێندنی شانۆ وەک بەشێک لە پرۆگرامی خوێندن و پەروەردەکردن یارمەتی بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری و چێژبینی قوتابی دەدات، چونکە لەناوەڕۆکدا دەکرێت قوتابی سەرسامی و خۆشەویستی بۆ نوسینەکانی نوسەرێکی شانۆی، یاخود بۆ تێرانین و وتەیەکی دیاریکراوی، یاخود بۆ یەکێک لە کەسایەتیەکانی ناو شانۆنامەکی دیاریکراو دروست بێت، لە هەموو ئەم ئەگەرانەشدا ڕەنگە شانۆ ببێتە پێشەنگی دروستکردنی ئەو کاریگەریەو هەروەها ببێتە مایەی پێدانی بەرچاوڕونی بە قوتابی و فێرخواز.ئەمە جگە لەوەی کە هونەری شانۆ هاوکاری قوتابی دەکات لە چۆنێتی باشکردنی ئاستی زمانەوانیان، بەتایبەتیش لەسەرئاستی چۆنێتی گوتنی وشەو تێگەیشتن لە دەلالات و ماناو هێما جیاوازەکان لە سیستمی زمانەوانیدا، ئەمەش وادەکات لە قوتابی لە شێوازی گفتوگۆکردن و هەڵبژاردنی وشە لەکاتی قسەکردنداو بەشداریکردن لە ناو پۆل و هۆڵی خوێندندا چالاکتربێت.

کەواتە شانۆ چالاکیەکی هونەریە، کەلەتوانایدایە بەشداری بکات و ببێت بە بەشێک لە پرۆگرام و میتۆدی پەرەوەردەی لەپێناو پەرەپێدانو گەشەکردنی توانا عەقڵیە مرۆیەکان، ( فێرکردن و خوێندنی شانۆ ئامرازێکە بۆ بەهێزکردنی

پرۆسەی خوێندن و فێکردنی قوتابی وگەشەپێدانی  لایەنی ئەقڵی و مەعریفی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت لایەنی جەستەی بۆیە زۆربەی وانە هونەری و شانۆیەکان وەکو ئامرازێکی کاریگەر بەکاردەهێندرێن بۆ پشتگیریکردنی پرۆسەی پەروەدە، چونکە کارو چالاکی و تەکنیکە شانۆیەکان کاریگەریان لەسەر پەروەردەکردنی لایەنی هەست و سۆزو جەستەو هەروەها کاریگەریان لەسەر ڕاهێنانی قوتابی هەیە لەسەر چۆنێتی تێگەیشتن لە وانە زانستیەکانی ناوەندەکان پەروەردەکردن و فێرکردن بە باشترین شێوە)١٧.

بۆیە ،سیستمی فێرکردن لە ناوەندەکانی خوێندن لە جیهاندا بۆ نمونە فێرگەو قوتابخانەکان، کۆلیژو زانکۆکان هەموو تێکڕا فێرخواز بەجۆرێک ئاڕاستە دەکەن   کە وابەستە بن بە  بنەماو ڕێساو پرۆگرامە زانستیەکان و، هاوکات لەپەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی تەندروستدابن لەگەڵ یەکترو مامۆستاکانیان لەوناوەندە فێرکاریانەدا، بۆیە زۆرجار قوتابی هاندەدرێت  لەپاڵ پرۆسەی خوێندندا چەندین ئارەزوو  ئامرازیتری پەروەدەی بەکاربهێنن لەوانەش ، ئەنجامدانی جۆرەها وەرزشی جۆرواجۆرو ئەنجامدانی گەمەی ئەلکترۆنی و بەشداریکردن لە خولی چێژبەخش ، بۆیە مومارەسەکردنی هونەری شانۆش لە هەندێک لەناوەندە پەروەردەی و فێرکاریەکانی وەکو قوتابخانەو پەیمانگەو زانکۆکان، دەتوانێت بەرچاوڕونی بدات بە فێرخوازن و ئامادەیان بکات هەتا بتوانن پابەندی ڕێساو بنەما پەروەردەی و زاستیەکانیان بن لە کات و ماوەی خوێندنیاندا.

چونکە،  هونەرو شانۆ، هێزێکی ئیستاتیکی و جوانی و فکریە، هاوکات میبمبەرێکیشە بۆ هەموو ئەو کۆمەڵگا یانەی کە ڕاستەو خۆو تانانەت ناڕاستەوخۆش گوزارش لە خۆیان دەکات لەمیانی چەندین ئامرازی وەکو دراماو، شانۆی منداڵ شانۆی لاوان،  شانۆی قوتابخانەو شانۆی نەتەوەی، شانۆی جدی  و تەنانەت شانۆی کۆمیدی و  سیاسی و گوزارشتئامێزیش، هەموو ئەم فۆرمە جیاوازانەی شانۆ یارمەتی فێرخواز دەکات لەبەرەوپێشبردنی ئاستی مەعریفی و دروست بونی کەسایەتیان لە ژیاندا.

بەڵآم بەتەنها شانۆو نمایشێ شانۆی بەس نیە وەکو ئامراز بەکار بهێندرێت بۆ فێرخوازان بەڵکو دەبێت پەنا ببرێتە بەر بەکارهێنان و خوێندنەوەی چیرۆک، ڕۆمان، ئەفسانەو داستانی شانۆی، چونکە هەموو ئەمانە دەبنە مایەی فراوانکردنی ئاستی تێگەیشتن و وەرگرتن لەلای قوتابی و فێرخواز، کاتێک باس لە قوتابی و فێرخواز دەکەین هەموو ئاست و قۆناغەکان دەگرێتەوە ، واتە لە منداڵ لە قۆناغی فێرگەو دایەنگەوە هەتا قۆناغی کۆلێژ و زانکۆ. بۆیە دەکرێت شانۆ هۆکارێکیتری یارمەتیدەر بێت بۆ  دەرخستن و پێشخستنی  وزەو بەهرە شاراوەکانی قوتابی لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنداو ،هەروەها فێر دەبێت کە کاتەکانی بەباشی دابەش و بەکاربهێنێت و سودو چێژیان لێ وەربگرێت، شانۆ دەتوانێت ببێتە فاکتەرێک بۆ کەم کردنەوەو ڕەوینەوەی فشاری دەرونی و سایکۆلۆژی لەلای تاک.

کەواتە دەکرێت شانۆو لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی تاک و بەتایبەتیش لەقۆناغی منداڵیدا ببێتە هۆکارێکی یارمەتیدەری کاریگەر لە چۆنێتی پەروەردەکردن و فراوانکردنی خەیاڵ و تیگەیشتنەکانی بۆ ژیان، ژینگەو دەوروبەر ، چونکە شانۆو دەکرێت وەک یاریەکی مرۆی ، وەک گەمەیەکی هونەری ببێتە مایەی جوڵاندن و ئازادکردنی شێوازی بیکردنەوەو وێناندنی واقع و ژینگەی دەوروبەری.

چونکە منداڵان لە قۆناغێکی دیاریکراودا جیهانێکی خەیاڵی وتایبەت بۆخۆیان دەخولقێنن و هەندێکجار بەبێ ئەوەی بەرامبەرەکانیان گفتوگۆیان لەگەڵدا ئەنجام بدەن دەکەونە گفتوگۆو قسەکردن بەتایبەتی لە کاتی بینینی نمایشی شانۆی منداڵاندا، کەواتە شانۆ لەهۆشیارکردنی منداڵ و پەروەردەکردنی ئاستی بینین و بیرکردنەوەی هەمیشە ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، ئەمە جگە لەوەی هەمیشە هەستکی خۆش و چیژی پێدەبەستێت و وەکو، جۆرێک لە گەمەو یاری دەڕوانێتە ژیان و نمایشە شانۆیەکان هەربۆیە ( شانۆ دەکرێت بەکار بهێندرێت بۆ مەشقپێکردنی منداڵ لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی دەنگی وەکو ئامرازێک بۆ گوزارشتکردن لە هەست و سۆزەکانی، ئەمە جگە لەوەی شانۆو دراما دەبنە هۆکاری بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنەوەو و گوتنی وشەو دەستەوژاو ڕستە لەلای منداڵ، چونکە لێکۆلینەوەکان دەریان خستوە منداڵ بەپلەی یەکەم لەڕێگەی شانۆوە بەخێرای فێر دەبێت، تەنانەت هەر لەڕێگەی شانۆوە لە کۆمەڵگاو دەوروبەر تێدەگەن، بەتایبەتیش لە قۆناغی بەر لەچونیان بۆ قوتابخانە)١٨

بۆیە شانۆی منداڵ ڕەنگە باشترین و نزیکترین هونەر بێت لە منداڵانەوە، چونکە لەڕێگەی نواندن و جل وبەرگی ئەکتەرەکان و کەسایەتیە ئاژەڵەکانی ناو نمایشە شانۆیەکان ، منداڵ دەتوانێت بەباشی تێبگات لە ژیان و ژینگەی دەوروبەری، ئەمە جگە لەوەی کە بەشێك لە منداڵان کاتیك لە نمایشە شانۆیەکاندا بەشداری دەکەن وەکو کاری نواندن و ئاکت کردن، بێگومان لەم ڕیگەیەوە توانای دەنگی و عەقڵی و جەستەیان پەروەدە دەبێت و گەشە دەکەن، چونکە ( شانۆی منداڵان هۆکاری سەرەکیە لە برەودان بە پێشکەوتنی هێزو وزە فیزیکی و مرۆیەکانی منداڵ ، بەتایبەتی لە ناوەندەکانی خوێندندا چونکە، شانۆو نمایشە شانۆیەکان دەبنە مایەی ئەوەی کە منداڵ هەست بە سەرسامی و تەنانەت ترس و هەستی بەبەزەی هاتنەوە بکەن بەرامبەر بە خەڵکانی دەوروبەریان ، ئەمە جگە لەوەی گیانی هاوکاری و خۆشەویستیان لەناودا زیاد دەکات و ڕزگاریان دەبێت لەهەر گرژی و پەستنایکی دەرونی و تەنانەت لە هەر ڕق وکینەیەك کە بەرامبەر بە منداڵان و بەرامبەریان دەروست دەبێت)١٩.

لەهەمان کاتدا شانۆی منداڵ چالاکیەی زۆر مەترسیدارەو بۆ منداڵان ئەگەر بە هۆشیاریەوە مامەڵەی لەگەڵد نەکرێت، چونکە، منداڵ زۆرجار لەکاتی بینینی نمایشە شانۆیەکاندا بەتەواوەتی تێکەڵی چیرۆکی نمایشە شانۆیەکە دەبێت و هیچ بوارێک بۆ جیاکردنەوەی جیاوازی نیوان واقع و نمایشێکی هونەری دورستکراو ناهێڵێتەوە. بۆیە دەبێت بە هۆشیاریەوە

جۆری ئەو نمایش و بابەتانە دیاریبکرێت کە دەبنە مایەی پەروەردەکردن و پێگەیاندی توانای جەستەی و ئەقڵی، یاخود هۆشیاری لەلای منداڵ . هەرلەبەر ئەم هۆکارەیە لە وڵآتانی ئەوروپی و ئەمریکی زۆر گرنگی بە شانۆی منداڵ دەدەن ( لەبەر گرنگی شانۆی منداڵ بۆیەکەم جارو لە شاری لابیزج لە وڵاتی ئەڵمانیا لەساڵی ١٩٤٣د بۆیەکەمجار شانۆی منداڵ دامەزرێندرا کە ئامانج لێی بیرهێنانەوەی ئارەزو زیانەکانی جەنگ بوو لەسەر ژیانی خەڵك و بەتایبەتیش کاریگەری جەنگ لەسەر چینی منداڵان، بۆ ئەوەی منداڵان هەست بە بەزەیی بکەن و سۆزیان بۆ مرۆڤ و ئەو منداڵ و خەڵکانە هەبێت کە بەهۆی بونی جەنگەوە دوچاری نەهامەتی و مردن دەبن[..] واتە شانۆی منداڵ وەکو ئامرازێک بەکار دەهات بۆ دروستکردنی تۆی بەزەی و خۆشەویستی و هاوکاریکردن لەلای منداڵآن.)٢٠.

لەبەرئەوە شانۆ تەنها وەکو لایەنێکی هونەری وچێژ بەخش ڕۆڵ نابینێت ، بەڵکو وەکو ئامرازێکی ڕاهێنان و پەروەردەکردن بەکار دەهێندرێت بۆ دروستکردنی هۆشیاری تاک لە ژیان و پرۆسەی فێرکردن و گونجادنی قوتابی و فێرخواز لەگەڵ هەموو شێوازو پرۆگرامێکی خوێندنی زانستی لەناوەندە فێرکاریە زانستیەکانیەکاندا.

هەربۆیە هونەری شانۆ جگە لەو ئەرکانەی کە پێشتر باسمانکرد، لە ئێستادا لەو کۆمەڵگایانەی کە پێش کەوتون لە ڕوی جۆری ژیانکردنەوە، بەکاردەهێندرێت، یاخو تێکەڵ بە زۆر بواری تری وەکو، بواری پزیشکی و، بەڕیوەبردن بووە لەدام و دەزگا فەرمیەکاندا، بۆ نمونە هەندێک لە گەمە و یاری ،یاخود ڕاهێنانە شانۆیەکان بەکار دەهێندرێت بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لە گرێ دەرونی یاخود گرفتە فیزیکیەکانی تاك، ئەمە جگە لەوەی بەشێکیتر لە ڕاهێنانە شانۆیەکان بەکار دەهێندرێت وەکو گەمەیەک بۆ کەیف و خۆشی و چێژ وەرگرتن و فێکردن، چونکە گەمەو شانۆ ( جۆرێکن لە ستراتیژیەت لەناو هونەری شانۆدا کە بەکاردەهێندرێن بۆ ڕەوینەوەو چارەسەرکردنی بەشێک لەو ئاستەنگی و گرفتە دەرونیی و زمانەوانیانەی بەشێک لەو فێرخوازنە ڕووبەرووی دەبنەوە لە کات و ماوەی خوێندیان لە ناوەندە فێکاریەکانی وەکو قوتابخانەکان، بۆیە زۆرجار بەشێک لە قوتابیان دەکریت لە ڕێگەی هونەرو دراماو شانۆوەوە بتوانن گوزراشت لە خۆیان و لەو تواناو بەهرە شاراواکانیان بکەن و ، لەوانەیە شانۆ ببیتە فاکتەرێک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیان، ئەمە جگە لەوەی شانۆ یارمەتیان دەدات باوەڕیان بە خۆیان بێت و لەترس و دەڵەڕاوکی بڕەوینەوەو ئەو جۆرە سیفات و ڕەفتارانە تێپەرێنن، بۆیە شانۆو وڕاهێنان، یاخود گەمە شانۆیەکان ، دەکرێت هۆکارێکی یارمەتیدەربن لە چاندنی هێزی باوەڕبەخۆبون و سەرکەوتن لە لای قوتابی و پۆرسەی خویندندا)٢١.

بەڵام شانۆ بەگشتی دەکرێت یارمەتی وکۆمەکی هەموو تەمەنە جیاوازەکان بکات لە قۆناغی قوتابخانەو منداڵیەوە هەتا ئاستی پەیمانگاو کۆلێژو زانکۆکان، تەنها ئەوەی گرنگە حەزو خولیای تاکە بۆ هونەرو شانۆو لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیدا.

کەواتە شانۆ لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، یارمەتی گەشە سەندو گەورەبونی ئاستی هۆشمەندی قوتابی دەکات، بەتایبەتی لەمیانی بینینی نمایشەکانی (**شێکسپیر**) ، چونکە بونیادی شانۆنامەو نمایشەکانی هەڵگری چەندین پەیامی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی گرنگ و گونجاون ، بۆ نمونە خێرو شەڕ، خۆشەویستی و خیانەت، لێبوردەی کۆمەڵایەتی بۆ نمونە پەیوەندی کۆمەڵایەتی باوک لەگەڵ کچەکەی. تەنانەت نوسین و بەرهەمە شانۆی و ئەدەبیەکانی (**چارلیز دیکێنز**) لە بەشێکی زۆر لە پرۆگرام و خوێندنە سەرەتایەکای و ناوەندەیە زانستیەکانی قوتابخانەکاندا جێگیر کراوان و بەکار دەهێندرێت ، بۆ نونمونە دراماو چێرۆکی ئۆلیڤەر تویست و یاخود بازرگانی ڤینسیا وچەندین کتێب و شانۆنامەیتر، بۆیە ئەزمونە پیش وەختەکانی شێوازی فێکردن و وانە وتنەوە ئەوەیان سەلماندوە کە شانۆو دەق شانۆنامەکان بەگشتی کاریگەری ئەرێنی دروست دەکەن لەسەر قوتابیان و دەبنە هۆکاری ئاسانکردنی پرۆسەی فێرکردن و بەخشینی چیژو خۆشی پێنان.

کەواتە شانۆ بوارێکە کە یەکێک لە ئەرکەکانی بریتیە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و مەعریفەت دەربارەی ژیان بەبێ کەمکردنەوەو تەنانەت زیادەڕۆیکردن ، هاوکات کۆمەکی تاک دەکات لە چۆنێتی دنیابینی و بڕیاردان ، بەدیاریکراویش شانۆی منداڵان لە فێرگەو قوتابخانەکان ئامانجێکی سەرەکی هەیە کە ئەویش ئاڕاستەکردنی منداڵە بەرەو هۆشیاری کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشچونی ئاستی بیرکردنەوەو شێوازی هەڵسوکەوت و ڕەفتارە کۆمەلایەتیەکانیان لە ناو کۆمەڵگاو ژینگەی خوێندندا.

کەواتە ڕۆڵی پەروەدەو فێکردن ، لە ڕێگەی پرۆگرام و چالاکی شانۆیەوە دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری زانستی و کۆمەڵآیەتی لەلای قوتابی و فێرخواز، هاوکات بواری شانۆ هۆکارێکیشە بۆ پەرەپێدان وبەرەوپێشچونی یاخود سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندن و فێکردنی زانستی لەو قوتابخانەوە فێرگەو تەنانەت لە پەیمانگاو کۆلێژەکانیشدا.

کەلەڕاستیدا هەموو بوارو پسپۆریە ئەدەبی و زانستیەکان لە ناوەندە فێرکاریە جیاوازەکاندا بەتایبەتیش لە قوتابخانەو پەیمانگاو کۆلیژە پسۆری و گشتیەکان ئامانجیان پەرەپیدانی ئاستی زانستی و وتنەوەی وانەکانە بە باشترین شێوەو کاریگەری ئەرێنی لەسەر فێرخوازەکان لە قۆناغە جیاوازەکاندا.

لەبەرئەوە( هونەری شانۆ لە پرۆسەی خوێندن و فێرکردندا چەندین ئەرک و ئامانجی گرنگی هەیە بۆ هەموو چین و توێژەکانی فێرخواز لەقۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا، چونکە لەڕێگەی گرتنە بەری چەندین مەشق و ڕاهێنان و چالاکی شانۆی و کارو پرۆژەو نمایشە شانۆیەکانەوە دەکرێت شانۆ کۆمەک و هاوکاری فێرخوازان بکات لە چۆنێتی بەرزکردنەوەی توانستیە عەقڵی و فکری، یاخود پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکانی قوتابی، ئەمە جگە لەوەی شانۆو چالاکیە

شانۆیەکان هانی تاک دەدەن گوزارشت لە بیرو بۆچون تێڕوانینەکانیان بکەم دەربارەی ژیان و مامەڵەکردنی تاک لەدەرەوەی ناوەندەکانی خوێندن)٢٢.

کەواتە کارو بەرهەمە چالاکیە شانۆیەکان، یاخود میتۆدەکانی دراماو شانۆ ، بەکۆی گشتی یارمەتی و هاوکاری سەجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکات و هاوکاری بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستیان دەدات، چونکە هەموو جۆرەکانی شانۆو نمایشە شانۆیەکان ، زانیاری و جۆرێک لە ڕۆشنبیری و جۆراوجۆرو هەمەلایەن دەدەن بە بینەرو وەرگر، چونکە وێنەو تابلۆشانیەکان، دیمەنە درامیەکانی ناو بەرهەمە شانۆیەکان ، دیالۆگی کاراکتەرەکانی ناو شانۆنامەکان ، هەموو ئەمانە ماناو بیرۆکەو چێژو زانیاری و تەنانەت ئازادی بیکردنەوەو بیرو بۆچون دەبەخشن بە بینەرو تاک.

## 3.1 گرنگترین خاڵەکانی چوارچێوەی تیۆری

١ - گرنگی پرۆگرام و میتۆدۆلۆجیا لە شانۆدا بۆ پێدانی سەنگ و هێزە بە فێرخوازی شانۆ، لەڕێگەی گرتنەبەرو ئەنجامدانی چەندین ڕاهێنانی شانۆی و هەروەها پشت بەست بە سەرچاوەی زانستی و ئەکادیمی جیهانی و سەردەمی . چونکە پرۆگرام و میتۆد هەمیشە دەبنە مایەی دروستکردنی پەیڕەو بنەمای زانستی و ئەکادیمی دروست و کاریگەر.

٢ - بەشێکی زۆر لە بیرمەندو و شانۆکارە جیهانیەکان، دوپاتی دەکەنەوە کە گرنگی خوێندنی شانۆ وەکو بوارێکی هونەری بەشێوەیەکی زانستی پەیوەستە بونی ئەو پرۆگرام و میتۆدە زانستیانەی کە دەدرێتە فێرخوازانی بواری شانۆ بەدرێژای کات و ماوەی ئەزمونکردن و خوێندنی شانۆ لە ناوەندەکانی خوێندنی وەکو پەیمانگاو کۆلیژەکانی هونەر. نمونەش بۆ ئەم تێڕوانینە زانستیانە چەندین هونەرمەندو بیرمەندی وەکو ( ستانیسلاڤسکی، مایەرهۆڵد، برێخت و ئەندەریە ئەنتوان و هیتر..)

٣ - دەبێت قوتابی یاخود هونەرمەندی شانۆی بەردەوامی بە ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنانە شانۆیەکان بدات لە ناوەوەو دەرەوەی ناوەندەکانی فێکردن و خوێندنی شانۆ، هاوکات دەبێت ئاگاداری لایەنی تێۆری ئەو کتێب و سەرچاوە زانستیە تێۆریە گرنگانە بێت کەدەربارەی هونەری شانۆ ونوسراون و دەنوسرێن، لەگەڵ بینین و تەماشاکردنی نمایشی شانۆی چونکە ئەم جۆرە ئەرک و چالاکیانە وەکو بەشێک لە میتۆدو پەروەردەی زانستی وئەکادیمی ئەژمار دەکرێت.

٤- مامۆستاو پێداگۆکی پسپۆر لەبواری شانۆدا دەبێت خاوەن و هەڵگری دوو سیفاتی سەرەکی بێت ، واتە سەرەتا دەبێت ئەو کەسە فێرکارە ڕاهێنەری شانۆی بێت بۆ ئەوەی بتوانێت زانیاریە تێۆری و میتۆدە پراکتیکیەکان بەباشترین شێوە فێری فێرخواز بکات، پاشان دەبێت مامۆستای شانۆ خاوەنی ئەزمونی پراکتیکی و گرنگ و پرۆفیشناڵ بێت.

٥- گرنگی شانۆ لەوەدایە کە هەندێکجار ببێت بە بەشێک لە کەرەستە بۆ دانانی پرۆگرامی پەروەردەو فێرکردن بۆ قوتابیان وفێرخوازان ، بۆ ئەوەی هونەرو شانۆ ببێتە بەشێک لە هۆکاری فێرکرن، وەکو هەر پرۆگرام و میتۆدێکی مەنهەجی و زانستی تر لەبوارە جیاجیاکانی خوێندندا.

٦- گرنگی بوارو خوێندنی شانۆ لە چۆنێتی شێوازی خوێندنی ئەم بوارە هونەری و هەستیارەیە لە ناوەندە فێرکاریەکانی وەکو کۆلێژو پەیمانگەکان ، لەرێگەی پەنابردن بۆ پرۆگرامی ساڵانەی زانستی و ستاندارد و بونی هۆڵی مەشق و راهێنان بۆ وانە پراکتیکیەکان و دابینکردن وفەراهەمکردنی هەموو ئەو پێداویستە تەکنیکیانەی کە فێرخواز پێش دەخات لەڕووی هونەری و زانستیەوە.

7- هونەری شانۆ ئامرازێکی گرنگی زانستیە بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لە نەخۆشیە دەرونیەکان O ئەمە جگە لەوەی میکانیزمێکی گرنگیشە بۆ دروستکردنی کۆمیومینکەیشن و پردی پەیوەندی و لێک تێگەیشتن لە نێوان چین توێژە کانی ناو کۆمەڵگە.

## بەشی سێهەم/ بەجێهێنانی توێژینەوە

### 1.1 نمونەکانی توێژینەوەکە

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا چەند نمونەیەکی بەمەبەستی بەکارهێناوە ،ئەمەش لەپێناو هێنانەدی ئامانجی توێژەنەوەکەوە بووە، لەرێگەری پەنابردن بۆ سێ نمونە، واتە سێ کەس کە تایبەتمەندیان هەیە لە بواری وانە وتنەوە و فێکردنی شانۆ لەسەر هەردوو ئاستی تێۆری و پراکتیکی بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لە بەشێک لە پەیمانگەو کۆلیژەکانی هونەر لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. ئەوانیش بریتن لە :

یەکەم/ **فازل جاف**

دووەم/ **سەردار محمود**

سێیەم/ **محمد صبري**

### 2.1 میتۆدی توێژنەوە

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدو شێوازی وەسفی بۆ شیکردنەوەی نمونەکان بەکارهێناوە.

### 3.1 ئامرازەکانی توێژینەوە

بۆ ئەم توێژینەوەیە پشت بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی تایبەت بەستراوە لەگەڵ هەریەکێک لە نمونەکانی توێژنەوەکە.

### 4.1 شیکردنەوەی نمونەکان

نمونەی یەکەم/ **فازل جاف**

(فازل جاف) دادەندرێت بە یەکێک لەو ڕاهێنەرو دەرهێنەرە شانۆیانەی کە ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە گواستنەوەی ڕۆشنبیری زانستی شانۆی و ئەزمونی پراکتیکی لە بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپاوە بۆ وڵاتە عەرەبیەکان و بەتایبەتیش بۆ بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست و بەدیاریکراویش بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، بۆیە هەمیشە بەشێک لە هەوڵ و ئەزمونە هونەری و زانستیەکانی، بۆ دروستکردنی کاریگەری ئەرێنی شانۆی بوە لەسەر ڕەوتی شانۆی عەرەبی و کوردی، ئەو خولیای بۆ بواری شانۆ لەسۆنگەیەکی تەواو زانستی و لە گۆشەنیگایەکی میتۆدۆلۆجیەوە سەرچاوەی گرتوە، واتە شێوازی کارکردن و بۆچونە هونەریەکانی دەربارەی هونەری شانۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەزمونی خوێندن و سیرچکردنی زانستی و ئەکادیمیانەیەوە هەیە. ئەو لەڕێگەی نوسینی چەندین کتێب لە بواری شانۆ و هەروەها بڵاوکردنەوەی وتارو توێژنەوەو ئەنجامدانی ۆرکشۆپ لەبوارەکانی هونەری شانۆ، زمانی جەستە و، دەرهێنانی شانۆیی پێگەیەکی گرنگی هونەری و زانستی بۆ خۆی دروست کردوە، ئەمە جگە لەوەی کە ناوبراو بەهۆی ئەزمونی خوێندنی لەدەرەوەو ناوەوەی وڵات، شارەزای چەندین زمانی وەکو کوردی، عەرەبی، ئینگیلزی، ڕوسی و سویدیە، ئەو لەئێستادا کاریگەری لەسەر ڕەوتی شانۆی کوردی و بەشێک لە شانۆی وڵاتانی عەرەبی هەیە.

فازل جاف، بۆچون و تێڕوانینی زانستی تایبەت بە خۆی هەیە دەربارەی بواری شانۆو ماوەی زیاترلە چل ساڵە ئەزمونی کارکردن و خوێندنی شانۆی هەیە لە ناوەوە دەرەوی وڵات، بەجۆرێک تێڕوانین و تێگەیشتنە زانستیەکانی بۆ هونەری شانۆ بەگشتی بۆتە مایەی دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەشێک لەو شانۆکارو فێرخوازانەی کە ئەزمونی کارکردن و خوێندنیان هەیەلەسەر دەستی ئەم مامۆستاو دەرهێنەرە شانۆیە.

بۆیە لەمیانی کارو بەرهەمە شانۆیەکانی (فازل جاف)،هەروەها لەڕێگەی نوسین و وتارە بڵاوکراوەکانی، دەردەکەوێت کە شانۆ لەلای ئەم شانۆکارە ئەکادیمیە گوزارشت لەڕووحی کۆمەڵگا زیندەوەکان دەکات لەگەڵ شێوازی بیرکردنەوەو

ئاکارو لایەنی هونەریان، بۆیە پێیوایە فێربونی شانۆ بەمانای فێربونی وانە گرنگ و دروستەکانی ژیانی مرۆڤ دێت، ئەم بۆچونە خودی و تایبەتەی ڕەنگدانەوەی لەسەر بەشێك لەو ڕاهێنان و مەشقانە هەیە کە لەگەڵ فێرخوازو تەنانەت لەگەڵ بەشێک لە خەڵکانی پسپۆر دەیانگرێتەبەر ،بەتایبەتیش لەبەشێک لە وڵاتانی ئەوروپی و عەرەبی و لە هەرێمی کوردستان.

نمونەکەی (فازل)و بۆچونەکان، گرنگی و بەهای بنیاتنان و داڕشتنی پرۆگرام و میتۆدی خوێندنی شانۆ دوپات دەکاتەوە ، لەگەڵ ئامادەکردنی مامۆستای پسپۆڕ بۆ فێکردنی قوتابی بەشی شانۆ لەناوەندە فێرکاریە هونەرەکانی وەکو ،پەیمانگاو کۆلێژەکان. لەگەڵ سەرنج خستنە سەر چۆنێتی دەسنیشانکردن و هەڵبژاردنی قوتابیە بەهرەمەندو شیاوەکان بۆ پرۆسەی خوێندنی شانۆ لەناوەندەکانی فێرکردندا.

بۆیە (فازل) هەندێک پێوەری جیهانی و ستانداردی هەیە بۆ دەنسیشانکردن و هەڵبژاردنی ئەو قوتابیانەی خوازیارن لەبواری شانۆ بخوێنن و ، هاوکات جۆری میتۆدو پرۆگرامی خوێندن بەهەندو گرنگ دەزانێت لەم پرۆسە پەروەردەیەدا، بەپێی بۆچونی فازل جاف، شوێن و ژینگەیەکی گونجاوی زانستی خوێندنی شانۆ دەبێت هەمیشە بەهەند وەربگریت و فەراهەم بۆ فێرخوازانی بواری شانۆ. وەک پێویستەیەکی ئەکادیمی و زانستی ،هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێت ئاستی دابین کردن و فەراهەمکردنی ژینگەی وخوێندنی شانۆ بەوێنەی فێرگە شانۆیە فەرمی و جیهانیەکان بێت بەتایبەتیش چەندین ناوەندی شانۆی گرنگی بەریتانی وەکو قوتابخانەی ( ڕادا، لامدا و قوتابخانەی برستڵ بۆ دراما) چونکە، ئەم ناوەندە شانۆیە ناسراوە جیهانیانە حکومەتی بەریتانیا ساڵآنە گرنگیەکی زۆریان پێدەدات و کۆمەکەکیان دەکات، هاوکات چاودێریەکی وردی زانستی دەکرێن لەڕوی بەرەوپێشچون و ئاستی زانستیان لەسەر ئاستی هەموو قوتابخانە شانۆیەکانی وڵاتی بەریتانیاو تەنانەت جیهانیش، بۆیە لەمیانی بەدواداچونی حکومەت و کارکردن لەسەر گەشەسەندنی ئەم ناوەندە شانۆیە گرنگانە ساڵانە کار لەسەر دوو دەرئەنجامی گرنگ دەکەن ، یەکەم؛ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی لەم قوتابخانە فەرمیە شانۆیانەدا، دووەمیش ڕاکێشانی سەدان قوتابی وشانۆکاری لێهاتوی جیهان بۆ ناو ئەم قوتابخانە شانۆیانە بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەو ئەزمونی پراکتیکی و خوێندنی شانۆ بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ و زانستی. ئەمە جگە لەوەی ساڵانە بەجێتێک و بڕێک پارە بەدەست دەهێنن بۆ حکومەت و وڵاتەکەیان. بێگومان سەرچاوەی هەموو ئەم دەرئەنجامە ئەرێنی و گرنگانە بەهۆی بونی ستراتیژیەت و شێوازی دابنیکردن و داڕشتنی پرۆگرم و میتۆدەکانی خوێندەوە هەیە لەو قوتابخانە شانۆیانە.

هەروەها (فازل) ئاماژەی بەوەدا کە دەرچوی زانکۆی ( گۆڵدن سمس)ە لە وڵاتی بەریتانیا، ئەو پێیوایە کە شێوازی وانە خوێندن و هاوکات شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستای شانۆ کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بەرهەم هێنان و

پێگەیاندنی قوتابی لێهاتو داهێنەر، چونکە هەمیشە مامۆستای پسپۆرو خاوەن ئەزمون، مامۆستای فێرکارو ڕاهێنەر ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر قوتابی دەبێت و دەتوانێت بەباشی مەشق و ڕاهێنانی زانستی و میتۆدی پێ بلێتەوە. ئەو دەڵێت لەزانکۆکانی وڵآتی بەریتانیا باشترین شێوازی پەروەردەکردنی گەنجان و شانۆکاران، یاخود فێرکارانی بواری شانۆ لەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەموو پێویستەکانی دروستکردنی شانۆکار فەراهەم بکەن بۆ قوتابی بەبێ ئەوەی داوایان لێبکرێت بەشێوەیەکی نەریتی خەریکی کۆپیکردنی ستایلێکی دیاریکراوی هونەری مامۆستاو پێداگۆکە شانۆیەکان بن لە ناوەندەکانی فێرکردندا، واتە جۆرێک لە ئازادی دەسنیشانکردن و بریاردان دەدەن بە قوتابی بۆ ئەوەی کەسایەتی هونەری بۆ خۆی دروست بکات و خاوەن بێتە ستایل و تێروانینی هونەی خۆی ، بەتایبەتی لەکاتی کارکردن لەسەر شانۆنامەو ستایلی کارکردنی پراکتیکی جۆراوجۆرو هاوچەرخ.

بەڵام جۆری دووەمی شێوازی خوێندنی هونەر شانۆ لە بەشێك لەوڵاتانی ئەوروپاو جیهان جیاوازە لەڕووی شێوازو مۆدێلەوە، بۆیە کاریگەری خوێندن و دەرئەنجامەکانیشی جیاواز دەبێت لەسەر قوتابی، چونکە لەمۆدێل و شێوازی دووەمی خوێندنی شانۆ زیاتر باڵادەستی و پرۆگرام و میتۆدی زانستی جێگیرو نەگۆڕ زاڵ دەبێت بەسەر قوتابیانداو هەمیشە قوتابی لەکاتی خوێندن لەم ناوەندە شانۆیانەدا دەبێت وابەستەو پابەند بێت بەو پرۆگرام و میتۆدە زانستی و ئەکادیمیانەی کە کۆلێژو پەیمانگەو قوتابخانە هونەرە شانۆیەکان بۆیان دەستنیشان دەکەن بەدرێژای ماوەی خوێندن لەبوارەکانی نواندن، دەرهێنان، سینۆگرافیاو تەکنیک. واتە شێوازی خوێندنی شانۆ لەبەشێک لە وڵآتانی ئەروپای ڕۆژهەڵات و دەوڵەتی ئەسکەندەنافیاو پۆلەنداو ڕوسیا بەشێوەیەکی تارادەیەک کۆنکرێتی و نەگۆڕەو هیچ بواری ئازادیەکی ئەو تۆو تێدا نیە بۆ قوتابی و فێرخوازان، بەڵام سەرکەوتنی قوتابی مسۆگەرترەلەمجۆرە خوێندن و زانکۆیانەدا .

هەروەها فازل جاف باسی گرنگی پەروەپێدان و پیشخستنی پرۆگرام ومیتۆدی شانۆی ساڵانەی دەکات لەو دەوڵەت و وڵاتانەی پێیان دەوترێت وڵاتانی ئەسکەندەنافیاو ڕۆژهەڵات و هەندێک وڵایانیتری وەکو ڕوسیا، ئەو دەڵێت ساڵانە خەڵکانێکی پسپۆڕی شانۆی لەهەموو وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات، هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کۆنفرانسی ساڵانە لەپێناو هەڵسەنگاندنی ئەو میتۆدو پرۆگرامانەی کە تایبەتن بە وانەکانی نواندن، دەرهێنان ، سینۆگرافیاو ئیمپرۆڤایس دەیدەنە بە فێرخوازان لەو پەیمانگاو کۆلێژەکانی تایبەت بەخوێندنی شانۆ، ئامانج لەو کۆنفرانسە بۆ زانینی کاریگەری پرۆگرامە شانۆیەکانە لەسەر ئاستی بەرەوپێشچونی زانستی فێرخوازان و هەروەها دەنیشانکردنی باشترین و نوێترین پرۆگرامی شانۆی بۆ ساڵانی داهاتو، ئەمە جگە لەوەی کە بەشێک لە کۆنفرانسەکە تایبەت دەکرێت بە قسەکردن و لەسەر شێوازی وانە وتنەوەی وانەی نواندن و دەرهێنان لەلایەن مامۆستاو فێرکارو ڕاهێنەرە شانۆیەکان. ئەم شێوازو

نەریتە زانستیە، ئەم جۆرە کۆنفرانسە شانۆیە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پەلیکێشاوە بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەیش لەوڵاتی مەغریب .

هەروەها فازل ئاماژەی بەوەدا کە بۆخۆی دەرچوی مەنهەج و پەروەردەیەکی زانستیە لە یەکێک لە کۆلێژە شانۆیە گرنگەکانی وڵاتی ڕووسیا، ئەو پێیوایە لەبەر ئەوەی هونەر بەگشتی و شانۆش بەتایبەتی لەو جۆرە ژینگانەدا بەهاو پێگەیەکی کەلتوری گرنگی هەیەو لەم سۆنگەیەوە ڕێزی لێ دەگیرێت لە ناو کۆمەڵگاو تەنانەت ناوەندە فێرکاریە شانۆیەکانیشدا چونکە، هونەری شانۆ لە ناوەڕۆکدا هەڵگری مانای قوڵ و ڕەهەندێکی ڕۆشنبیری و کەلتوری بەهێزەو ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە دروستکردنی مرۆڤی بەهرەمەند و داهێنەر. هەربۆیە تێروانین و بەگرنگی زانینی هونەری شانۆ لە وڵاتێکی وەکو ڕوسیا تەنانەت ڕەنگدانەوەی لەسەر شێوازی خوێندن و قبوڵکردن، یاخود وەرگرتنی قوتابیانی بواری شانۆ هەیە لەناوەندەکانی فێرکردندا، بەجۆرێک ساڵانە لە کۆی دووهەزار پێنج سەدا فێرخواز تەنها بیست فێرخواز قبوڵ دەکرێت ، ئەوەش گەواهی لەسەر ئەوەدەدات کە هونەری شانۆو خوێندنی شانۆ لەناو ژینگەیەکی دیاریکراوی وەکو وڵاتی ڕوسیا بەهەند وەردەگیرێت و کار لەسەر چۆنایەتی دەکرێت نەوەک چەندایەی ژمارەی قوتابیانی بەشی شانۆ لە پەیمانگاو کۆلێژە شانۆیەکان.

لەبەرئەوە لە وڵاتێکی وەکو ڕوسیا شێوازی خوێندن و وەرگرتنی قوتابیان لەبەشی شانۆ لەسەر چەندین پێوەرو داواکاری زانستی و هونەری ڕادەوەستێت و، فێرخواز دەبێت بەرلەوەی وەربگیرێت لە چەندین فلتەر دەدرێت و دەبێت خاوەنی چەندین سیفاتی هونەر بێت کە ئەوانیش بریتین لە:

١ - پابەندبونی قوتابی بە کات و ماوەی ڕاهێنان و پرۆڤەکردن لەکاتی خۆئامادەکردنی بۆ چاوپێکەوتن و وەرگرتنی لەبەشی شانۆی لەهەرناوەند و کۆلێژێکی شانۆی.

٢ - پێویستە ئەو فێرخوازەی دەیەوێت شانۆ بەشێوەیەکی زانستی هونەری شانۆ بخوێنێت بتوانن شارەزایەکی دیاریکراو لەسەر شانۆ پەیدا بکات و هەروەها لانی کەم ئامێرێکی مۆزیکی بژەنێت.

٣ - پێویستە ئەو فێرخوازەی پێش کەشی بەشی شانۆ دەکات توانستێکی جەستەی باشی هەبێت و هەروەها بتوانێت سەما بکات.

٤ - پێویستە فێرخواز، قوتابی توانای چێرۆک گێرانەوەو گوزارشتکردنی هەبێت لە خۆی و ژیانی تایبەتی خۆی بەشێوەیەکی درامی و شانۆی.

٥ - دەبێت ئەوکەسەی لەبەشی شانۆ دەخوێنێت لایەنی دەم و دوو دەنگی باش بێت و کێشەی زمانەوانی و فۆنەتیکی نەبێت لەکاتی نواندن و خویندنەوەی دیالۆگی شانۆی.

پاشان فازل جاف ئاماژەی بەوەدەدات کە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو داواکاری و مەرجە زانستی وهونەریانە بونی نیە لەو پەیمانگەو کۆلێژانەی هونەری شانۆ بەشێوەیەکی زانستی و فەرمی تیایاندا دەخوێندرێت، هەروەها پێیوایە بەشێک لە مامۆستاو کادرە هونەریەکانی کەلەم ناوەندانەدا کارد دەکەن، واتە بەشێک لە مامۆستاکانی بواری شانۆ لێهاتو شیاو کامڵ نین لەڕوی زانستی و مەنهەجیەوەو ناتوانن مافی وانە تێۆری و پراکتیکیەکان بدەن و بەباشی ئەو قوتابیانە پەروەردە بکەن کە لەبەردەستیان دەخوێنن. ئەمە جگە لەوەی ژمارەی ئەو ئەو پسپۆڕانەی کە لەم بوارەدا بونیان هەیە و کاردەکەن لەو ناوەندانەدا لەڕوی ڕێژەو ژمارەوە زۆر کەم و دیاریکراون. ئەمە جگە لەوەی کەلێنێکی زۆر گەورە هەیە لەڕوی نەبونی کتێب و سەرچاوەی گرنگ و زانستی لەبواری شانۆدا. ئەو پێیوایە بەشێکیتر لە گرفتەکانی خوێندنی شانۆ پەیوەندی بە نەزانینی زمانە بیانیەکانەوە هەیە لەلایەن بەشێکی زۆر لە قوتابیان، بۆیە فێرخوازو قوتابی بەشی شانۆ هەمیشە چاوەڕێی ئەوەیە بەشێوەیەکی کەم و ڕێژەی، بابەت و زانیاری وەرگێردراوی دەست بکەێت لە لایەن مامۆستا وانەبێژیەکانیانەوە ،کە ئەمەش بۆخۆی کەلێنی زانیاری و مەعریفی لەلای قوتابی دروست دەکات و زانیاری و شارەزای دەربارەی هونەری شانۆ سنوردارو ناکامڵ دەبێت. بۆیە لە ناو پەیمانگەو کۆلیژەکانی هەرێمی کوردستان هەمیشە گرفتی کورت هێنان و کەمی کتێب و سەرچاوەی جیهانی و زانستی هەیەو دەرئەنجامی ئەم گرفتە دیاردە باوەش، کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکاتە دابەزنی ئاستی زانستی فێرخوازو بەرتەستکردنەوەی ئاستی داهێنان لە پەیمانگاو کۆلێژەکانی تایبەت بە خوێندنی شانۆ.

هاوکات فازل جاف ئاماژە بە ڕۆڵی مامۆستا دەکات وەکو فریادڕەسی ناوەندە شانۆی و ئەکادیمیەکان، بۆیە ئەگەر مامۆستای وانەبێژ خاوەنی چەندین سیفاتی زانستی و پراکتیکی نەبێت سەرئەنجام قوتابی توشی شکستی زانستی دەبێت و ئەوکات قوتابی و تەنانەت ناوەندە شانۆیەکەش توشی شکستی ئەکادیمی و زانستی دەبیت و هیچ بەرهەمێکی مرۆی و هونەریان نابێت، ئەمە جگە لەوەی دواجار حکومەت و لایەنی بەرپرس کات و بەجێت بە فیرۆ دەدات و ئامانجی زانستی ناپیکێت. بۆیە لەو دۆخەدا قوتابی لەبری ئەوەی ببێت بە شانۆکارو کەسی پیشەمەندو پرۆفیشناڵ، تەنها بڕوانامە بەدەست دەهێنێت، هەروەها فازل پێیوایە دەبێت مامۆستای بەشی شانۆ لەپاڵ ئەوەی دەبێت خاوەنی ڕۆشنبیری شانۆی بێت، هاوکات دەبێت ڕاهێنەرو پسپۆری هەبێت لە شانۆدا، هەربۆیە بەشێکی زۆر لە زانکۆ پێش کەوتوەکانی وڵاتی بەریتانیا هەمیشە گرنگی بە دوو جۆرە سیڤی، یاخود دووجۆر داواکاریان هەیە لە هەر کەسێک کە بیەوێت ببێت بە مامۆستای شانۆ لە پەیمانگەو کۆلێژە هونەریەکاندا ، دواکاری یەکەم هێنانی زانیاری و سیڤیە دەربارەی بەرهەوم و پسپۆڕی وردو کارە شانۆی و زانستیەکانی کەسەکە، هەروەها سیڤی دووەم کە لێی داوادەکەن دەبێت زانیاری تێدابێت

دەربارەی پێشینەی کۆمەڵاتی و بایۆگرافی کەسێی مامۆستاکەو هەروەها ئاماژەکردن بە زانیاری وردو هەستیار دەربارەی باری کۆمەڵایەتی دەرونی، بۆ نمونە نابێت ئەو کەسە لەڕابردوودا لە هیچ ڕوداویکی تاوانکاری و گێچەڵی سیکسیەوە تێوە گلابێت، ئەمە جگە لەوەی کەدەبێت لە ڕووی دەرونەیەوە هاوسەنگ بێت و هەروەها دەبێت کەسێکی خاوەن تەندروست بێت. بۆ ئەوەی لەتوانایدا بێت بەشێوەیەکی زانستی و هونەری قوتابی پەروەردە بکات.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کەسایەتی و شێوازو ستایلی (فازل جاف) وەکو پەروەردەکارو ڕاهێنەرو مامۆستایەکی شانۆی و ئەکادیمی ، ئاشکرای دەکات کە گرنگی و بەهای مامۆستای شانۆلە بونی شێوازی وانە وتنەوەو لایەنی ئەزمون و ڕۆشنبیری شانۆی و ئاستی زانستی مامۆستاکەدا ڕەنگ دەداتەوە و پێداویستی یەکەمە بۆ خوێندنی شانۆ، ئەمە جگە لەوەی لەهەمانکاتدا پێیوایە لەپاڵ بونی مامۆستاو کادری گونجاو شارەزا، هاوکات ئاماژە بە بون وپێویستی پرۆگرام و میتۆدی ستانداردو ئەکادیمی دەکات، ئەو پێیوایە هەمیشە دەبێت مامۆستا پیداگۆکێکی ڕاهێندراو بێت و لە سۆنگەی زانستی و ئەخلاقیەوە هەست بە کارو پیشەی مامۆستایەتی بکات، چونکە بەرپرسیاریتی هەیە لە دروستبونی نەوەیەکی هونەرمەند و شانۆکاری پرۆفشناڵ و پیشەمەند لەناو کۆمەڵگادا. ئەو پێیوایە مامۆستا هەرگیز سەرکەوت و نابێت، هەرگیز پێش ناکەوێت ئەگەر سەرەتا ڕەهێنراو نەبێت بۆ پیشەو کاری مامۆستایەتی لەبواری هونەرو شانۆ. بۆیە لایەنی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی هونەری لە بەرهەمە شانۆیەکانیدا ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی هەیە بەسەر ئەو فێرخوازو ئەکتەرەنەی کاری شانۆیان لەگەڵ دەکات بەتایبەتیش لەسەر ئاستی چۆنێتی پەروەدەکردنیکی تێۆری پراکتیکی. چونکە هەموو ئەو ئامرازو میتۆدە پەروەردەی و زانستیانەی دەیانگرێتە بەر لەکاتی ڕهێنان و وانە وتنەوە بە فێرخوازنی بواری شانۆ. دوپاتی دەکەنەوە کە پرۆسەی خوێندن و پەروەردەکردن لەلای فاز جاف ڕادەوەستێت لەسەر، کارکردن لەسەر میتۆدو پرۆگرامی تایبەت و زانستی شانۆ، هاوکات . لەبەرامبەر ئەم شێوازە لە وانە وتنەوە دەبێت فێرخواز ئاما دەباشی هەبێت و هاوکات هەندێک داواکاری لێدەکرێت کە ئەوانیش بریتین لە:

١ - ئامادەگی تەواو ئاگای فێرخواز لە ناو هۆڵ و پۆلی خوێندندا

٢ - هێناو پۆشینی جل و بەرگی پراکتکی و گونجاو

٣ - جێبەجێکردنی مەشق و ڕاهێنانەکان لەلایەن فێرخوازو قوتابیانەوە

٤ - کارکردن لەسەر میتۆدی زانستی و دیاریکراو لەبواری پەروەدەکردنی توانا جەستەیەکانی ئەکتەر.

٥ - پێویستە ئەکتەرو فێرخواز پابەند بێت بە ستایلی کارکردنی دیاریکراو لەسەر ئاستی نواندن و کارکردن.

٦ - گرنگیدان بە جوڵەو توانستی جەستەی ئەکتەرو فێرخواز

٧ - پابەند بوون بە شێوازی بیرکردنەوە خوێندن و خۆراکی تەندروست.

لەبەرئەوە فازل جاف دوپاتی دەکاتەوە کە زیاتر لە بیست ساڵە، پەیمانگاو کۆلێژە هونەرەیەکانی هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە هونەرمەند و شانۆکاری پیشەمەند و پرۆفشناڵ بەرهەم بهێنن، هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ لاوازی پرۆگرم ومتۆدی خوێندنی هونەری و هەروەها کەمی سەرچاوەی زانستی دەربارەی هونەری شانۆ لە زمانی کوردیدا ، لەگەڵ خراپی ژینگەی ناوەندەکانی خوێندن ، لەگەڵ خراپی شێوازو میکانیزمی وەرگرتن و قبوڵکردنی فێرخواز لە پەیمانگەو کۆلێژەکان.

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە کەسایەتی وانەبێژ ئەگەر ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر قوتابی و ئاستی زانستی ئەو ئەکادیماو ناوەندە فێرکاریانەی کە شانۆی تێدا دەخوێندێت. بۆیە ئەو پێیوایە کە دەبێت ئەرکی ناوەندەکانی فێکردن و مامۆستایانی بواری شانۆ بریتی بێت لە پێگەیاندنی نەوەیەکی پسپۆڕو پرۆفیشناڵ، بەوێنەو چەندین کەلە ئەکتەرو شانۆکاری گرنگی جیهانی وەکو مایەرهۆڵدو مایکڵ چیکۆڤ و گرۆتۆڤسکی کە دەرچوی گرنگترین و باشترین قوتابخانە شانۆیە بەهێزو بەناوبانگەکانن لە جیهاندا.

هەربۆیە هەمیشە ژینگەو شوێنی خوێندنی گونجاو پێشکەوتو، لەدەسنیشانکردنی خەڵکی شیاو دەست پێدەکات بۆ شوێنی شیاو، واتە ئەرکی لایەنی بەرپرس و حکومەت لێرەدا دەبێت بریتی بێت لە هێنان و دانانی کەسی تەکنۆکرات و پسپۆڕو خاوەن ئەزمون بۆ ئەو ناوەندانەی کە هونەری شانۆیان تێدا دەخوێندرێت، چونکە ئەزمونی خوێندن لە کۆلیژو پەیمانگەو قوتابخانە شانۆیە بەناوبانگ و پێشکەوتوەکانی جیهان ئەوەیان سەلماندوە کە هەمیشە خەڵکی شیاو پرۆفیشناڵ دەبێت ئەو جۆرە ناوەندانە بەڕێوە بەرن لەڕوی زانستی و ئەکادیمی و هونەریەوە.

نمونەی دووەم/ **سەردار محمود**

نمونەی دووەم، (سەردار محمود)، بۆ ماوەی زیاتر لە (١٠) ساڵە مامۆستاو وانەبێژ بووە لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی، هاوکات لەئێستاشدا مامۆستایە لە پەیمانگەی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەی، ئەو خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە هونەری شانۆداو پسپۆری هەیە لە نواندنی شانۆیدا. ناوبراو ئەزمونی خوێندنی هەیە لەدەرەوەو ناوەوەی وڵآت ، بۆیە لەمیانی کارکردن و ژیانی ئەکادیمی و پیشەی خۆیدا هەوڵیداوە وەکو هونەرمەندو مامۆستایەکی شانۆی هەموو سیفاتەکانی (پەروەردەکار- پێداگۆگ) و مامۆستاو ئەکتەری شانۆی لە خۆیدا پەروەدە بکات و وەکو ڕاهێنەرو مامۆستا کار لەگەڵ فێرخوازو قوتابیەکانی بکات.

لەمیای تێروانیە تایبەت و زا نستیەکانی خۆی ئاماژە بەوە دەکات  کە مامۆستای شانۆ لە ناوەندە فێرکاریە فەرمیە شانۆیەکاندا، دەبێت ڕاهێنەرێکی شارەزابێت و بتوانێت پەنا بۆ میتۆدو سەرچاوەو ماتریاڵی زانستی بەرێت بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی شانۆکاری پیشەمەند، چونکە مامۆستاو پرۆگرام، یاخود میتۆدگەرای لە خوێندنی شانۆدا ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئاست و لێهاتوی فێرخوازانی بواری شانۆ لەڕووی زانستی و هونەری و پراکتیکیەوە.

هاوکات بۆچونی وایە کە ئەزمونە مێژوییەکان لە بواری خوێندن و پەروەردەکردنی شانۆکاراندا ئەوەیان سەلماندەوە کە دووجۆرە لە ململانێ، یاخود دووجۆر لە تێروانین و میتۆدۆلۆجیا هەیە دەربارەی ئامادەکردن و پێگەیاندنی قوتابیان لە ناوەندەکانی خوێندنی شانۆدا، لەجۆری یەکەمدا بەشێکی زۆر لە خەڵکانی پسپۆرو ئەکادیمستەکان لەوباوەڕەدان یاخود باوەڕیان بەبونی شێوازگەری و میتۆدگەرایی زانستی هەیە وەکو ئامرازێکی پەروەدەی بۆ فێکردن و پێگەیاندنی توانستی هونەری و زانستی فێرخوازانی بواری شانۆ، جۆری دووەمیش ئەو نوسەرو ڕەخنەگرو کەسانەن کە زیاتر پشت بە نوسین و دروستکردنی کاریگەری و خو دۆزینەوە، واتە پشت بە گەڕان و سێرچکردنی خودی قوتابی دەبەستن لە پرۆسەی پێگەیاندنی فێرخوازاندا. واتە چەمکی میتۆدۆلۆجیاو مەنهەجیەت لەلای جۆری دووەمی پەروەردەکردنی ئەکتەرو فێرخوازان زیاتر پشت بە دروسکردنی کاریگەری دەبەستێت لە ڕێگەی کارکردن لەسەر بەپێویستی زانینی هەوڵی تاکە کەسی فێرخوازو ،  هەوڵی تاکە کەسی مامۆستای شانۆکار بۆ پەروەردەکردنی قوتابی. هەربۆیە تاوەکو ئێستا جۆری یەکەم، واتە مۆدێلی یەکەم لە شێوازی خویندن و پەروەردەکردنی شانۆیی لەڕێگەی دیسپلنکردنی پرۆگرام و ماتریاڵە فێرکاریەکانەوە زیاتر دەرئەجامی ئەرێنی و کاریگەری هەبووە ، باشترین نمونەش ڕەنگە چەندین میتۆدی ئەزمونکراوی وەکو، ( مایکڵ چیکۆڤ ، ستانیسلاڤیکی، مایەرهۆڵد  بێت..)  کە کەدەرئەنجامی گرنگی پەروەدەی و هونەریان هەبووە  لەسەرئەو  فێرخوازانەی کە سەر بە  ئەم تەوژم و قوتابخانە هونەریانە بوون  لەڕابردوو تەنانەت لە ئێستاشدا. ئەمە جگە لەوەی باوەڕبوون بە چەمکی دیسپلینکردن و پشت بەستن بە تیۆرو میتۆدی پراکتیکی دیاریکراو لەم جۆرە قوتابخانانەدا دواتر بووە هۆی دامەزراندن وکردنەوەی چەندین  ناوەند و پەیمانگەو کۆلیژی هونەری بۆ خوێندنی هونەری شانۆو نواند و دەرهێنانی شانۆیی لە سەرتاسەری جیهاندا، هەروەها سەرکەوتنی ئەم جۆرە پەروەردەکردن  و میتۆدگەراییە لە خوێندنی شانۆدا بوە مایەی دروست بوونی کەسایەتی ڕاهێنەرو پێداگ ۆ و فێرکاری شانۆی، لە شانۆی هاوچەرخدا.

هەروەها (سەردار) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەرچی  بڕوانامەی بەرزو پسپۆڕی لە بواری شانۆدا تاڕادەیەکی دیاریکراو کۆمەک و  هاوکاری فێرخواز دەکات لەسەر ئاستی فێرکردن ، بەڵام لەوەگرنگتر دەبێت لە پرۆسەی خوێندنی شانۆدا هەمیشە سێ سیفاتی سەرەکی و بنەڕەتی هەبن کە ئەوانیش بریتین لە:

١ - مەبەست، نیاز

٢ - ئامانج

٣ - پلانی کورت و درێژ

لەبەرئەوە ( سەردار) ئاماژە بەوە دەکات کە لە هەرێمی کورستاندا، خوێندنی شانۆ هیچ بەرەوپێشچونی بەخۆە نەبینیوەو بەشێک لە هۆکارەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ لاوازی پەیوەندی نێوان شانۆکارو سەرچاوە و کتێبە شانۆیەکان، چونکە کەمی و سنورداری سەرچاوەری گرنگ و زانستی و، کەمی کتێبە وەرگێڕاوە شانۆیەکان لەبواری تیۆری و ڕەخنەی شانۆیی و نواندن و دەرهێناندا، بۆتە هۆکاری کەمی کادری شانۆی پیشەمەند و ، لاوازکردنی ئاستی هونەری و ئیستاتیکی کاروبەرهەمە شانۆیەکان بەتایبەتیش لە پەیمانگەو کۆلێژە هونەریەکان کە ناوەندێکی فێرکارین و ساڵانێکی زۆرە بەدەست گرفتی نەبونی سەرچاوەو توێژینەوەی زانستیەوە دەناڵێنن لە هەرێمی کوردستاندا.

بۆیە لە ئێستادا ئەو لاوازیە زانستیەی بەرۆکی ئەو ناوەندە شانۆیە فەرمیانیانەیان گرتوە، ئەو بەشێکی زۆر لەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە بۆ ناتەوای پرۆگرام و ئەو ماتریاڵانەی بەدرێژای چوار یان پێنج ساڵ دەرێت بە قوتابی وەکو ئامرازێک بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستی و مەعریفیان. بۆیە لەم دۆخانەدا زۆرجار مامۆستا بۆخۆی و بەپشت بەستن بە ڕۆشنبیری و هەستکردنی خودی ئەم بەرپرسیارتیەی لە ئەستۆ گرتوە لە چۆنێتی دانانی پرۆگرام و ئاراستەکردنێکی پەروەردەیانەی قوتابیان ، کەئەمەش هەمیشە دەرئەنجامەکەی لەڕووی زانستی و ئەکادیمیەوە مسۆگەرو سەرکەوت و نەبووە.

ئەمە جگەلەوەی (سەردار) ئاماژە بەوەدەکات کە هونەری شانۆ لەبنەڕەتدا بەشێک نەبووە لە ڕۆشنبیری ناوچەیی و کلتوری شار لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو شانۆ وەکو بوار، وەکو هونەر زیاتر لە ڕێگەی هەوڵی خودی شانۆکارو ئەزمونی وەرگیراوی دەرەوەی ژینگەی هەرێمی کوردستان هاتۆتە ناوچەکەوەو شانۆکارانی ئەم هەرێمە تەنها لەڕێگەی سەرچاوەو نوسین و کتێبە بیانیەکانەوە ئاشنابوون بە شانۆ وەکو هونەر .

چونکە لەڕابردوودا شانۆ لە هەرێمی کوردستاندا نەژادێکی مێژوی نیە لەڕووی پێکهاتەو فۆرمەوە، بەڵکو شانۆکارانی ئەم ناوچەیە هەر لەسەرەتاوە خەریکی گواستنەو سود وەرگرتن بوون لە ئەزمونی شانۆی عەرەبی و عێراقی و پاشانیش بۆ دامەزراندن و کردوەی ناوەندە فێرکاریە شانۆیەکان جارێکیتر پشت دەبەستن بە سود وەرگرتن لە بەشێک لەناوەندە عەرەبی و عیراقیانەکان، کە ئەوانیش لە بنەڕەتدا بۆدامەزراندنی پەیمانگە کۆلێژە هونەری و شانۆیەکانیان لە ناوەڕاست و خواروی عێراق سودیان لە شانۆی عەرەبی و ئەوروپی بینیوە . بۆیە دامەزراندنی ناوەندە فێکاری و پەروەردەیە

شانۆیە فەرمی و نافەرمیەکان لەم هەرێمەدا  لە سۆنگەیەکی شارستانی ناوچەی و لۆکەڵیانەوە دانەمەزراون وەکو بەشێک لە کەلتوری مێژووی و فەرهەنگی ناوچەکە ، بۆیە هەست نەکردن بەم کەلێنە مێژوی و زانستیە لەڕابردوودا ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر خوێندنی شانۆ بەجێهێشتوە و بۆشایەکی مەعریفی و زانستی و پەروەدەی دروست کردوە  بۆ قوتابیان و فیرخوازانی بواری شانۆ .

ئەمە جگەلەوەی کە (سەردار) لە ڕوانگەیەکی مێژویەوە پێیوایە  کردنەوەی پەیمانگەی هونەرجوانەکان لەشاری سلێمانی کە بە پەیمانگەی دایك یاخود یەکەمین پەیمانگە دادەنرێت لەڕووی مێژوویەوە  لە هەرێمی کوردستاندا، لەبنەڕەدا پرۆژەیەک وبیرۆکەیەکی هونەری و زانستی لەپشتەوە نەبووەو بەپێی ڕێنمای زانستی و هونەری ستاندارد نەکراوەتەوە، واتە ئامانج لە کردنەوەی  بەرهەمهێنانی کاروپرۆژەی هونەری و پەروەردە کردنی نەوەیەکی شانۆکار نەبووە بەشێوەیەکی زانستی لەو ژینگە جوگرافیە دیاریکراوەدا، تەنانەت ئامانج لە دامەزراندی  دورستکردنی دیاردەیەکی شارستانی و ناوەندێکی کاریگەری ڕۆشنبیری و کەلتوری نەبوو لەوکاتەدا، بەڵکو هەڵویستێکی سیاسی حکومەتی پێشوی عێراقی  بۆتە هۆکاری کردنەوەی ئەو ناوەندە هونەریە فەرمیە. هەربۆیە، دەمەزاندنی ناوەندێکی لەوشێوەیە تایبەت  بەخوێندنی هونەرو شانۆ لەبنەڕەتدا بەبێ گرتنە بەری  ڕێو شوێنی زانستی و میتۆدۆلۆجیانە بووە هەربۆیە لاوازی ئەو دزگایە هونەرە هەستیارە لەڕوی بونیادو ستراکچەری زانستیەوە بەدرێژای سی و پێنج ساڵی ڕابردوو کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر پێگەیاندن و بەرهەمهێنانی نەوەیەکی پیشەمەند وپرۆفیشناڵ لەڕووی چۆنایەتی و چەندایەتیەوە. هەروەها  دەهاویشتە نەرێنیەکای لەئێستاشدا گواستراوەتەوە بۆ بەشێکی زۆر لەو پەیمانگەو ناوەندە شانۆیانەی کە هونەری شانۆی تێدا دەخوێندرێت لە هەرێمی کوردستاندا.

چونکە، تەنانەت لە ئێستاشدا لەو ناوەندەو  لەسەرجەم پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان کێشەی پرۆگرامی خوێندن و چۆنێتی دەستنیشانکردن و قبوڵکردنی قوتابی هەیە و میکانزیمەکانی وەرگرتنی قوتابی ڕون نیەو چوارچیوەیەکی دیاریکراوی ستانداردی نیە، بۆیە (سەردار) دووپاتی دەکاتەوە لەماوەی کارکردنی چەندین ساڵەی وەکو مامۆستا لەبەشی شانۆ، گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی  کە  تاڕادەیەکی زۆر قوتابیان بەپێی پێوەری میتۆدی و زانستیانە وەرناگیرێن، چونکە ئەو پێیوایە ئەوەی زۆر گرنگە بۆ فێرخوازی بەشی شانۆ بونی هەستێکی پاراوە، بەتایبەت ئەوانەی دەیانەوێت  لە پاشەڕۆژدا ببن بەئەکتەر ،  ئەمە جگە لەوەی دەبێت لەڕووی فیزیکەوە شیاو بەهرەمەند بن، هەروەها دەبێت فێرخواز ویستێکی باشی هەبێت بۆ خویندنی شانۆ ،پاشان لە دوای ئەم قۆناغەش ئەرك و کاری مامۆستا دەستپێدەکات، پاشانیش کاریگەری پرۆگرامی سەردەمی و زانستیانە کە یارمەتیدەرن  لە پێگەیاندن و بەرهەمهێنانی شانۆکاری شارەزاو پیشەمەند، کەواتە بەکۆی  گشتی لە کۆلێژی وپەیمانگەکانی کوردستاندا پێوەرەکان بۆ وەرگرتن و خوێندنی شانۆ کامڵ و ستاندارد نین.

بۆیە زۆرجار ئەو شانۆکارو قوتابیانەی لەم هەرێمەدا پێدەگەن و پێش دەکەون بە ڕێکەوت ، یاخود کاریگەری ئەرێنی چەند مامۆستایەکی پێداگۆک و ڕاهێنەریان لەسەر دەبێت لە بەشێك لەقۆناغەکانی خوێندنیاندا. چونکە قوتابی زیاتر لەوناوەندانەدا پشتگوێ دەخرێن لەڕووی پەروەردەی وپراکتیکیەوە، بۆیە ژمارەیەکی کەم لە فێرخوازانی بواری شانۆ چانس و هەلی پەروەردبون وپێگەیاندنیان بۆ دروست دەبێت لەو ناوەندانەدا..

بۆیە ئەوەی لە نمونەی دووەمدا، لەگەڵ (سەردار) بۆمان دەرکەوت، ئەوەیە کە مامۆستای شانۆ دەبێت خەریکی خۆ پەروەردەکردن و بەرەوپێشبردنی ئامرازەکانی پەروەردەکردنی بێت لەژیانی پیشەی و هونەری خۆیدا وەکو، ئەکتەر یاخود دەرهێنەر، هەروەها دەبێت لەپیناو ناسین و دەسنیشانکردنی میتۆدی گرنگ و کاریگەرتر لە خوێندندا پێویستە بەردەوام بێت لە سێرچکردن و بەدەستهێنانی بڕوانامەو پلەی زانستی و ئەکادیمی باڵا، بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەزمونکردنی خوێندن لەزانکۆ بیانیەکانەوە بەر میتۆدی زانستی و پرۆگرام و ستراکچەری هونەری بەهێزتر بکەوێت . ئەمە جگە لەوەی کە خوێندن و بەردەوامی فاکتەرێکی گرنگ دەبێت بۆ بەرزبونەوەی ئاستی مەعریفی و هەستکردنی زیاتر بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە هونەری شانۆو شێوازی پەروەدەکردنی فێرخوازان لە ناوەندە شانۆیەکاندا.

بۆیە (سەردار) لەمیانی قسەکانیدا ناڕاستەخۆ ئاماژە بەوەدەدات کە دەزگا فەرمیە شانۆیەکان بەتایبەتیش پەیمانگەو کۆلێژە هونەریەکان زۆرجار پێوەریان نیە بۆ دەنیشانکردنی ئەو ڕاهێنەرو مامۆستایانەی کە دەبنە پەروەردەکار لەو ناوەندانەدا، بەڵکو تەنها بیر لە هێنان و پێدانی هەلی کارکردن دەکەنەوە، بۆیە ئەو تێڕوانینە باوە سواوە کاریگەری نەرێنی لەسەر سیستمی خوێندن و پەیمانگەو کۆلێژەکان دەبێت و سەرئەنجام گەشەسەندی بەردەوام و بەرەوپێشچونی هونەری زانستی لەو ناوەندانەدا ڕونادات ، دواجار قوتابی دەبێتە قوربانی وئەمە جگەلەوەی هونەرو شانۆ لەڕوی زانستیەوە بەهاو کاریگەریان کەم دەبێتەوە تا ئاستێکی مەترسیدار.

بۆیە بەهۆی بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستاو هاوکات بونی شێوازگەلێک لەوانە وتنەوەو پەروەردەکردنی خودی مامۆستا ، بۆیتە مایەی دروستکردنی گرفتی خوێندنی شانۆ لەلای فیرخوازان و لێکەوتنەوەی هەڵەی زانستی و ئەکادیمی لەوناوەندانەدا، ئەمە جگە لەوەی کەمی سەرچاوە بەزمانی کوردی و کەمی ئەزمونی پراکتیکی بەشێک لە فێکارەکان و نەکرانەوەیان بەڕووی مۆدێلێکی باشتر لە خوێندنی شانۆ لەناوەوەو دەرەوەی وڵات ، بۆتە هۆکاری لاوازکردنی ئاستی بەرهەمە پراکتیکیەکان لە ناوەندە شانۆیە فێرکاریەکان لەهەرێمی کورستان بەشێوەیەکی گشتی.

ئەمە جگە لەوەی کە ماوەی هەژدە ساڵە پەیمانگەو پاشانیش کۆلیژەکانی تایبەت بە خوێندنی هونەرو شانۆ لە هەرێمی کوردستاندا هیچ گۆڕانکاری و نوێبونەوەیەکی ئەوتۆیان نەکردوە لە میتۆدو ئەو پرۆگرام و ماتریاڵە تیۆری پراکتیکیانەی کە ساڵانە دەدەرێنە قوتابیانی بەشی شانۆ. لەکاتیدا شێوازی خوێندنی شانۆ لەدەرەوەی ئەم ژینگە

دیاریکراوەو لە دەرەوەی وڵاتی عێراق گۆڕانکاری ڕیشەی بەسەردا هاتوەو، ئەگەرچی مۆدیلی ژیانکردن لە جیهان و لەهەرێمی کوردستانیش لەڕوی کۆلێتی و چۆنیایەتیەوە چۆتە قۆناغێکی تەواو جیاوازەوە.

**نمونەی سێیەم/ محمد صبري**

نمونەی سێیەم (محمد)، ماوەی سی ساڵە مامۆستایە، هەروەها هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە، ئەو پسپۆرە لەبواری تێۆری و بەتایبەتیش لە نوسینی درامی، لە ئێستادا دەرهێنەرو مامۆستایە لە زانکۆی دهۆك، هەروەها سەرۆکی بەشی درامایە، ناوبراو چەندین کتێب و توێژینەوەو بڵاوکراوەی ڕەخنەی و شانۆنامەی هەیە، هەروەها بەشداریکردوە لە چەندین کۆنفرانسی شانۆی دەربارەی باشکردنی شێوازی وانەوتنەوەو فێرکردن لەناوەندە ئەکادیمی و هونەریەکاندا.

بۆیە (محمد)، وەکو ماۆستایەکی زانکۆ هەندێک بۆچون و بیروڕای تایبەتی خۆی هەیە دەربارەی شێوازی پرۆگرام و خوێندنی شانۆ لە هەرێمی کوردستاندا. بە بۆچونی ئەو پرۆگرامی خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا کەم و کورتی هەیە لەڕوی زانستیەوە، بەتایبەتیش لەڕووی پراکتیکیەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ کەمی ۆرك شۆپ و ستۆدیۆی شانۆی و فەراهەم نەکردنی پێداویستیە کانی قوتابی لەڕووی بونی هۆڵ بۆ وانەی پراکتیکی و ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنان دەربارەی وانە تیۆری وپراکتیکیەکان.

وهەروەها (محمد) ئەوە دوپات دەکاتەوە کە هەمیشە قوتابیان بەهۆی نەبوونی پرۆگرام و میتۆدی زانستیەوە لەناوەندەکانی خوێندنی شانۆدا دوچاری گرفت دەبنەوە چونکە سەرچاوەی زانستی وەکو پێویست لەبەردەستدا نیە ، تەنانەت ژمارەی ئەو شانۆنامەنەش کە لەبەردەستدان لەڕووی جۆرو لەڕووی ڕێبازەوە ڕێک خراو نین و زۆرجار قوتابی بەهۆی نەبوونی شانۆنامەی وەک پێویست دەربارەی فۆرمێکی شانۆی و مێژووی دیاریکراو، دووچاری هەڵەی زانستی دەبێتە لەکاتی خوێندنی شانۆدا، چونکە ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی شانۆنامەکان بەشێوەیەکی ڕەیزبەندی وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی بۆ هەموو ئەو شانۆنامانە ئەنجام نەداوە کە کاری وەرگێرانیان بۆ کردوون. واتە هێشتا ناوەندەکانی خوێندنی شانۆ سەرچاوەی پێویستی زانستیان لەبەردەست نیە بۆ پەروەدەکردنی قوتابی بەشێوەیەکی زانستی و ستاندارد.

گرنگی پرۆگرام و خوێندنی شانۆ سەرەتا لە بنیادنانی ناوەندە ئەکادیمیە هونەریانەوە دەست پێدەکات، (محمد) وەکو مامۆستایەکی بەئەزمون لەوبوارەدا پێیوایە زۆرجار ئەوکەسانەی لە هەرێمی کوردستاندا وانەی هونەری شانۆ دەڵێنەوە خەڵکانێکن پسپۆڕی وردو دیاریکراویان نیە، بەڵکو لەسە ڕیپەیرەو پرۆگرامی خەڵکانێك، یاخود هەندێک مامۆستایتر بەکاردەهێنن لەبەرئەوە هەست بە هەڵەو لاوازی زانستی ناکەن لەبەشێک لەو پرۆگرامانەی کە داندراون. بۆیە قوتابی وەکو پێویست سودمەند نابێت لەو جۆرە پرۆگرامانە چونکە وەکو پێویست پراکتیزەو جێ بەجێ ناکرێن بەشێوەیەکی

پراكتيكى. بۆيە ( محمد) ئاماژە بەوە دەكات كە پرۆگرامى ئەو كۆليژانەى هونەرى شانۆيان تێدا دەخوێندرێت مەرجەكانى خوێندنى زانستيان تێدا نيە، لەسەرهەردوو ئاستى تيۆرى و پراكتيكى.

ئەوەى لەبوچونەكانى بۆمان دەردەكەوت ئەوەيە كە قوتابى شانۆ لەهەرێمى كوردستاندا ، ئازادى نيە لە چۆنێتى دەسنيشانكردنى ستايل و پرۆگرامى خوێندن لە وپسپۆڕيەكى دياريكراوى شانۆى كە بيەوێت بەوجۆرەى كە لە زانكۆى بەغدادو زانكۆكانى وڵاتانى عەرەبى بونى هەيە. بۆيە ئەگەر قوتابى بتوانێت پسپۆرى هەمە جۆر دياريبكات لەكات و ماوەى خوێندنى لە پەيمانگەو كۆليژەكان، ڕەنگە دواتر بتوانێت لە ڕێگەرى بەردەواميدان بە خوێندن و خوێندنەوەى زانيارى دەربارەى ئەو جۆرە پسپۆڕيانە قاڵتر ببنەوەو شارەزاى زياتر پەيدا بكەن لەو بوارانەدا، بۆيە بەشێك لە گرفت و كێشەى قوتابيانى بەشى شانۆ لە هەرێمى كوردستاندا لە نەبوونى پسپۆرێتى لەبوارە جياجياكانى شانۆوە دەست پێدەكات.

هەروەها (محمد) دەڵێت ، كەمى و ناتەواوى يەكەكانى خوێندن لەهەرێمى كوردستان بۆتە هۆكارى ئەوەى كە پەيمانگەو كۆلێژەكان نەتوانن شانۆكارو هونەرمەند مامۆستاى شانۆ بەرهەم بهێنن، بەڵكو تەنها بږوانامە دەدەن بەو كەسانەى لەو ناوەندانەدا دەخوێنن، هەروەها پێيوايە كە لەبنەڕەتدا شانۆ و هونەرى دراما بنەمايەكى سەرەكيە بۆ بنيادنانى كۆمەڵگايەكى تەندروست و هۆشيار، چونكە هەميشە كاروبەرهەمە شانۆيەكان، هەروەها بەشێك لە شانۆكاران ڕۆڵى گرنگيان بينيوە لە دروستكردنى گۆڕانكارى گرنگ لەناو كۆمەڵگاكانى خۆيان و كۆمەڵگا بيانيەكانيشدا، بۆيە مافى فێرخوازو قوتابيە بەشێوەيەكى باش پەروەردەى هونەرى بكرێت بۆ ئەوەى بتوانن بەشێک بن لە دروستكردنى هۆشيارى و گۆڕانكارى لەناو كۆمەڵگادا.

بۆيە(محمد) وەكو نيشانەيەكى ديارى ناو وانە بێژە عێراقيەكان لەبوارى شانۆدا، پاشان وەكو نوسەرێكى شانۆ دەخوازێت كە گۆڕانكارى لە ئامرازەكانى وانەبيژى لەلاى مامۆستا نوێ بكرێتەوە لەناوەندەكانى خوێندندا، هەروەها پێداچونەوە بە پرۆگرام ميتۆدە تێۆرى و پراكتيكەكاندا بكرێتەوە، بەپشت بەست بە كتێب، بە توێژينەوەو پرۆگرامى جيهانى و سەردەمى ، چونكە لە ئێستادا خوێندن لەدەرەوەى هەرێمى كوردستان و لەوڵاتانى پێشكەوتەكاندا ئەنجامێكى باشترى هەيە بەبەراورد بە خوێندن لەهەرێمى كوردستان.

پاشان هەرچى پەيوەندى نێوان قوتابى و مامۆستاى شانۆ هەيە دەبێت لەسەر بنەمايەكى زانستى و هونەريانە دروست ببێت، بۆيە بەبۆچونى (محمد) دەبێت مامۆستاى بەشى شانۆ لەيەك كاتدا ڕاهێنەرو وانەبێژيكى سەركەوتو بێت، چونكە فێرخوازانى ئەم بوارە پێويستە لەسەر ئاستى تيۆرى پراتكيكى ڕابهێندرێن، چونكە بابەت و لايەنە تيۆريەكان دەربارەى هونەرى نواندن ، دەرهێنان، ڕوناكى و ديكۆرو سينۆگرافيا، پێويستيان بە پراكتيزەكردن هەيە، واتە قوتابيان پێويستيان بە نمونەى بەردەست و پراتيكى هەيە.

هەروەها (محمد) ئاماژە بەوە دەكات كە ئەگەر مامۆستای بواری شانۆو پرۆگرامی خوێندن و شێوازی وانە وتنەوە شیاو زانستی بوو لەرووی تێگەیاندن و گواستنەوەی زانیاری بۆ قوتابی ئەوكات پرسەی خێندنی و پەروەدەكردنی قوتابی لە ناوەندەكانی خوێندنی شانۆدا سەركەوت و بەرهەمدار دەبێت ئەگەرچی بەشێک لە مامۆستایانی ئەوبوارەش پسپۆڕی وردیان نەبێت. ئەو لەمیانی ئەم تێڕوانینە تایبەتەی خۆیدا ئاماژە بە خوێندنی شانۆكرد لە زانكۆی بەغداد، ئەو دەڵێت بۆماوەیەكی زۆر دكتۆر عەونی كەرومی كە یەكێك بوو لەو كەسانەی زۆر بەباشی وانەی دەگوتەوە دەربارەی نواندنی شانۆیی ئەگەر چی لە بنەڕەتدا بۆخۆی ئاكتەری شانۆی نەبوو.

لێرەدا توێژە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی كە ،لە كردارو پرۆسەی وانە گوتنەوەدا دەكرێت مامۆستای شانۆو هەندێک لەوبابەت و وانانە بڵێتەوە كە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پسپۆری وردی نیە، ئەگەر بەباشی و شارەزایەكی تەواوی لەسەر پسپۆریەكەی خۆی و هاوكات شارەزای و ئەزمونی لە هەندێک لەبوارو پسپۆڕیەكانی تردا هەبێت، بۆیە مامۆستای سەركەوت و لەبواری شانۆدا هەمیشە لەپاڵ بونی پسپۆڕیەكەی خۆیدا ئەزمون لەو بەش و لایەنە تەكنیكیەكانی تریشدا پەیدا دەكات. بەتایبەتیش دەكرێت لە ڕێگەی بەشداریكردن لە كۆنفرانس و وەرۆک شۆپ وكۆرسی جۆراوجۆر دەربارەی شانۆ، ئەزمونی پراكتیكی و لایەنی زانیاری وڕۆشنبیری هونەری خۆی بەرەوپێش بەرێت.

بەپێی بۆچونی ( محمد) ، لایەنی پراكتیكی بۆ مامۆستا زۆر پێویستە چونكە ئەگەر بەردەوام پەرە بە توانانكانی خۆی بدات و مەشق و ڕاهێنان ئەنجام بدات ، ئەوكات دەبێتە كەسێكی داهێنەرو پێشكەوتو لەبوارەكەی خۆیدا، و دواجار قوتابیانیش سود مەند دەبن لە هەگبەو ئەزمونە زانستیەكانی مامۆستای شانۆ،كەواتە هەمیشە وادەخوازێت مامۆستا نمونەیەكی باڵای زانستی و پراكتیكی بێت بۆ قوتابیانی بەشی شانۆ.

لەبەرامبەریشدا قوتابی دەبێت بەشێک لەپرۆسەی فێركردن و كاركردن لە ئەستۆ بگرێت لەپێناو بەرەوپێش بردنی ئاستی و هونەری پراكتیكی خۆی ، لەڕێگەی بەشداریكردن و كاركردن لەدەرەوەی پەیمانگەو كۆلێژەكان.

هەروەها (محمد) ، ئاماژە بە شێوازی وەگرتنی قوتابی دەدات لە بەشی دراماو شانۆو دەڵێت، پێویستە كۆنمورەی قوتابی لەسەدا شەست بێت ئەگەر لە قۆناغی ئامادەیەوە بیەوێت دەست بە خوێندنی شانۆ بكات، بەڵام ئەوانەی دەرچوی پەیمانگەكانن دەبێت كۆی گشتی نمرەكانیان بكاتە سەدا شەست و پێنج ، هەروەها نابێت تەمەنیان لە سی ساڵ زیاتر بێت، كەواتە ئەوەی لەم بۆچونەوە بۆمان دەردەكەوت ئەوەیە كە هەموو پێوەرە زانسیتەكان بۆ وەرگرتن و قبوڵكردنی قوتابیان لە كۆلێژە هونەریەكان زیاتر پەیوەندی هەیە بە نمرەو تەمەن ، نەوەک خولیاو بەهرەی هونەری فێخواز. كەواتە خوێندنی شانۆ لە هەرێمی كوردستاندا پەیوەستكراوە بە چەندایەتیەوە نەك چۆنایەتی.

# بەشی چوارەم

## 1.1 ئەنجامەکانی تویژینەوەو گفتوگۆکردن لەبارەیانەوە

١ - هەموو نمونەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بە گرنگی پرۆگرام و میتۆدی زانستی دەکەن، لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی، بۆیە دەبێت خوێندنی شانۆ لەڕووی زانستیەوە لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی پسپۆری و بونی پرۆگرامی ستانداردو زانستی بێت. هەروەها دەبێت ئەرکی وانەبێژو مامۆستای پسپۆر پێگەیاندن و دروستکردنی نەوەیەکی پیشەمەندی شانۆکار بێت.

٢ - هەبوونی سەرچاوەو کتێبی زانستی بۆ قوتابیان، وگرنتی پێگەیاندن لەلای قوتابیان زامن دەکات، بەتایبەتیش ئەو سەرچاوە زانستیانەی لەسەر ئاستی جیهان باوەڕ پێکراو میتۆدین. بەڵام تا ئێستا فێرخوازانی ناوەندەکانی شانۆ لە هەرێمی کوردستان بیبەش بوون لە بەشێکی زۆر لەو سەرچاوە زانستانەو کاردانەوە دەرئەنجامی پێچەوانەو ناجۆری لەسەر قوتابیان دروست کردوە.

٣ - هەموو نمونە وەرگیراوەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەوە دەکەن کە مامۆستاو وانەبێژی بواری شانۆ دەبێت لە بنەڕەتدا خاوەنی دوو سیفاتی سەرەکی بێت ، واتە دەبێت مامۆستا لەیەک کاتدا ڕاهێنەرو پسپۆر بێت لە بوارێکی دیاریکراوی شانۆیدا، بۆنمونە ئەو کەسە دەبێت، ڕەخنەگر، دەرهێنەر، ئەکتەر، یاخو سینۆگرافەر بێت. هەروەها لەسەر ئاستی تێۆری و پراکتیک ئەزمون و هەگبەیەکی باشی هەبێت. چونکە هەموو ئەم سیفاتە خوازراوانە دەبنە مایەی خێراکردنی پرۆسەی فێکردن لەلای قوتابی.

٤ - دەبێت قبوڵکردنی قوتابی لە پەیمانگەو کۆلیژە هونەریەکان، لەسەر بنەمای ستانداردی جیهانی بێت و ڕەچاوەی چەندین لایەنی هونەری و فیزیکی و حەزو خولیا بکرێت، بۆ ئەوەی دواڕۆژ قوتابی ڕووبەڕووی شکستی زانستی ئەکادیمی نەبێت. بەڵام لەهەریمی کوردستان تا ئێستا ئەو لایەنانە بەهەند وەرنەگیراون و، لەسۆنگەیەکەی ڕەخنەی و زانستیەوە بەرەو پێش نەبراون.

٥ - زۆرجار قوتابی بەشی شانۆ لە پەیمانگەو کۆلێژەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەگەنە قۆناغەکانی کۆتای خوێندن بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی کرداری و پراکتیکی مومارەسەی بوارو پسپۆڕیەکەی خۆی کردبێت، بۆیە لەو ڕێژەو ژمارە زۆرەی فێرخوازن تەنها بەشێکی کەمیان لەناوەندی شانۆیدا کاردەکەن ودەکەمێنەوەو زۆرینەشیان تەنها دەبنە خاوەنی بڕوانانە لە هونەردا.

O - زۆرجار بەهۆی نەبونی وەرگێران و ماتریاڵی ڕاهێنان وەک پێویست لەناوەندەکانی خوێندندا، بەشێک لەمامۆستایان ئەرکی وەرگێران و دانانی پرۆگرامەکانی خوێندنی وانەکانیان دەگرنە ئەستۆ بۆیە هەمیشە کەمی پرۆگرام و نەبونی سەرچاوە بۆتە مایەی کەمردنەوەی بەهای پرۆگرامی زانستی هونەری شانۆ لە ڕووی سەنگ و کاریگەریەوە.

## 2.1 دەرئەنجامەجەکان

١ - خوێندنی شانۆ لە هەرێمی کوردستاندا لە ناوەندەکانی وەکو پەیمانگەو زانکۆکان لەڕووی زانستیەو شیاو فەراهەم نین بەبەراورد بە بوارە زانستی و مرۆڤایەتیەکانیتر.

٢ - کەمی سەرچاوەو کتێبی شانۆی و شانۆنامە بە زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، تەنانەت بەو سەرچاوانەش کە وەرگێردراون بەشێکیان مەرجی زانستی و ئەکادیمیان تێدانیەو لەلایەن دەزگای فەرمی و حکومی وەکو زانکۆ و وەرزارەتی خویندنی باڵا سەرپەرشتی و چاپ نەکراون.

٣ - ئەو پرۆگرام و میتۆدە مەنهەجیانەی لە پەیمانگەو کۆلێژەکاندا دەخوێندرێن لەم هەرێمەدا، لەڕووی زانستی و هونەریەوە شیاو نین، تەنها ئەوەندە نەبێت کەبەشێک لەمامۆستاو پێگاگۆگەکان هەولی خودی خۆیان تێکەڵ بە پرۆسەی پرۆگرامین و پەوەردەکردنی فێرخواز کردوە.

٤ - هەڵسەنگاندنی ساڵانەی پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن خەڵکی پسپۆرەو خاوەن بڕوانامەی بەرز ئەنجام نادرێن.

٥ - سەرجەم پەیمانگەو کۆلێژو بەشە شانۆیەکان، هیچ بەجێت و ژینگەیەکی هونەری و پراکتیکی ئەوتۆیان بۆ دابین نەکراوە لە ڕووی شوێنی وانەی پراکتیکی و هۆڵی نمایشکردنی بەرهەمی شانۆی بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ و تەکنیکی سەردەمیانە.

٦ - ساڵانە ئەم دەزگایانە ڤیستیڤاڵی شانۆی سازناکەن بۆ پیشاندانی ئاستی زانستی و ئەکادیمی دەزگاو قوتابیەکانیان لەسەر ئاستی ناوخۆی و دەرەکی.

٧ - کەمی و سنورداری پرۆژەی قوتابیانی بەشی شانۆ بەدریژای ماوەی خوێندنیان لەو ناوەندە شانۆیانەدا بۆتە مایەی سنوردارکردنی تواناو بەهرە هونەری و پراکتیکیەکانیان.

٨ - نەبونی هاوسەنگی لەنێوان بەهرەو توانای فێرخوازانی بەشی شانۆ لەگەڵ ئەو پرۆگرام و ماتریاڵە چەق بەستوانەی پێیان دەدرێت ، بۆتە مایەی دروستکردنی ناهەوسەنگی و نەدانی مافی تەواو بە خوێندنی بواری شانۆ و فێرخوازان لە هەرێمی کوردستاندا.

## 3.1 پێشنیارەکان و ڕاسپاردەکان

١ - ئەم توێژینەوەیە سودی دەبێت بۆ ئەو کەسە پسپۆڕانەی کە ناوەندە فێرکارەیە هونەریەکانی وەکو پەیمانگەو کۆلێژیەکان وەکو، مامۆستاو فێرکار کار دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا، هاوکاری بواری شانۆ دەکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی ڕۆڵی گرنگ ببینێت لە بنیادنانی توانا مرۆی و هونەریەکانی تاك، شانۆکار، فێرخوازان هەڵبەت لەڕێگەی هاوکاری و کۆمەکی دارای لایەنی بەرپرس و حکومەتەوە.

٢ - دەکرێت قوتابیانی ماستەرو دکتۆرا سودی لێببین وەکو سەرچاوەیەك بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەو توێژینەوە زانستیەکانیان.

٣ - ئەم توێژیەوەیە سودی بۆ مامۆستایانی بەشی شانۆ دەبێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەی زانستی و سەرنج بدەنە سەر گرنگی بونی پرۆگرام و میتۆدی فێرکردنی هونەری ، بەشێوەیەکی و ڕێکخراو ستاندارد.

٤ - هاوکات دەکرێت دەروازەیەکی زانستی بێت بۆ قوتابیان، بۆ فێرخوازانی بواری شانۆ، دەربارەی گرنگی و چۆنێتی خوێندنی شانۆ بەشێوەیەکی زانستی و ئامانجدار.

## پاشکۆکان


1-C.R.KOTHARI .(1990).RESERARCH METHODOLOGY.NEW DELHI INDIA,NEW AGE INTERNATIONL (P) LTD,PUBLISHERS,CH1,P(3).

2-SONIA MOOR.(1984).THE STANISLAVSKI SYSTEM.NEW YORK U.S.A,P(3).

3-المصدرالسابق نقسه, THE STANISLAVSKI AYATEM, P(4) .

4-اسعدعبد الرزاق,ود.سامي عبد الحميد.(1976).دروس في اصول التمثيل.وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.جامعة بغداد اكاديمية الفنون الجميلة,ص (13).

5-المصدر نفسه,دروس في اصول التمثيل,ص (13).

6-محمد سيف.(2017).مايرهولد رجل المسرح الذي لم يتخلى عن حلمه ابدا.مقاله نقديه منشوره على صفحة كوكل,HTTPS://WWW.NIZWA.COM.

7-المصدرنفسه.مايرهولد رجل المسرح الذي لم يتخلى عن حلمه ابدا,مقاله نقديه.

8-ايان واطسون,يوجينوا باربا.(1995).نحو المسرح الثالث انثربولوجية المسرح.ترجمة منى سلام وزارة الثقافة (مهرجان القاهرة التجريبي),القاهرة,مصر,ص (85).

9-المصدرنفسه .نحوالمسرح الثالث انثربولجيةالمسرح,ص(84).

10-نفس المصدر.نحوالمسرح الثالث انثربولوجية المسرح,ص (76).

11- برتولد بريخت.(1973).نظرية المسرح الملحمي.ترجمة د.جميل نصيف,وزارة الاعلام (الطبعةالاولى) بغداد,العراق, ص (9).

12-المصدرنفسه.نظرية المسرح الملحمي,ص (110).

13- MARIA SHEVTSOVA. SHOMIT MITTER.(2007).FIFTY KEY THEATRE DIRECTION.270MADISON AVENUE,NEW YORK,NY10016(TWICE),P(3).

14-DAVID WOOD.JANET GRANT.(1997).THEATER FOR CHILREN.3QEEN square London,ch1,p(11).

15-المصدر نفسه.theater for children,P(6).

16-المصدر نفسه.theater for children,P(7).

17-RICHARD  CLAR . (2013).DRAMA TECHNEQUES , PUBLISHED,EXTER UNVERSITY ,UK,P(1).

18-المصدرنفسه ,DRAMA TECHNQUES,P(3).

19-د.مالك نعمه غالي المالكي.(2012).اهمية المسرح المدرسي ومسرح الطفل وتداخلهما لتحقيق اهداف تربويه وغيابهما في المدارس والمؤسسات التربويه.بحث ترقية منشور,بغداد العراق,ص(5)

20-احمدعلي كنعان,(2011).اثرالمسرح في تنمية شخصية الطفل,مجلة (جامعة دمشق ),المجلد ( 27) ص(93).

21-المصدرالسابق نفسه ,DRAMA TECHNQUES,P(1).

22-NALITA JAMES.(2005).ACTUP THEATER AS EDUCATION AND ITS IMPACT ON YOUNG PEOPLES LEARNING ,PUBLISHED DISSERTATION,UNVERSITY OF LEICESTER,  UK ,P(23).